# سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ

# (DHRD)

## پرۆژەی پاڵپشتی دادگا

ڕاپۆرتی دووەم- ساڵی 2008



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# پێشەکی

لەچوارچێوەی پرۆژەی چاودێری و پاڵپشتی دادگا، سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراتی و مافی مرۆڤ بەهاوکاری ڕێکخراوی سندوقی پاڵشتی دیموکراسی NED پێئەنێتە ساڵی سێهەمی پرۆژەکە لەهەرێمی کوردستاندا، لەروانگەی بڕوابوونی تەواومان بەسەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری و سەربەخۆبوونی دادگاکان و دەستنەخستنە ناو کاروباری دادگاکان و سەروەریبوونی یاسا و گەڕانەوەی متمانەی تەواوی هاوڵاتیان بەدەسەڵاتی دادگاکان، تیمەکانی سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ لەهەرێمی کوردستاندا، دووەهەم ڕاپۆرتی خۆیان بۆ ساڵی 2008 لەسەر چاودێری و پاڵپشتی دادگاکان بڵاو دەکەنەوە، سەرەڕای بوونی کۆمەڵێك کێشەو لەمپەر لەبەردەم بەدەستهێنانی زانیاری و کۆکردنەوەی داتاکان، بەڵام بەهۆی هاوکاری هەندێك لەدادوەر و پارێزەرە بەڕێزەکانەوە، کەبوونە هۆی ئاسانکردنی کارەکەمان و تۆمارکردنی ئەو پێشێلکاریانەی کەدەبنە هۆی ئاستەنگ درووستکردن لەبەردەم سەرووەری یاسا و سەربەخۆیی تەواوی دەسەڵاتی دادگاکان.

لەقۆناغی یەکەمی پرۆژەکەدا تا بەرواری2008/6/31 تۆمارکردنی پێشێلکارییەکان تەنها لەناو شاری سلێمانیدا بووە، کردەی چاودێری تۆمارکردنی پێشێلکارییەکانو لادانی یاسایی و پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ و تۆمەتباران دواتریش بەردەوام بوو، لەبەر گرنگی پرۆژەکە لەقۆناغی دووەمدا مەودای پرۆژەکەمان بەرفراوان کرد، بەشێوەیەك شارەکانی هەولێر و دهۆك و کەرکوکیشی گرتەوە، بەڵام بەهۆی دانپێدانەنان بەمۆڵەتی ڕێکخراوەکەمان لەبەغداد نەهێڵرا لەشاری کەرکوك کاری چاودێرکردنی دادگا ئەنجامبدرێت.

ئامانج لەم پرۆژەیە بریتییە لەسەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەریو چەسپاندنی حوکمی یاسا و پەرەپێدانی دیموکراتی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و تۆمەتباران لەقۆناغی لێکۆڵینەوە و دادگایکردندا، ئەمە جگە لەلابردنی لەمپەرەکانی بەردەم دەسەڵاتی دادوەریی کەوادەکات هەندێك کەسو دامەزراوە لەسەرو دەسەڵاتی یاساوە خۆیان ببیننەوە.

هەر لەمیانەی پرۆژەکەدا جێگەی ئاماژەپێدانە کەچەند سیمینارێك لەسەر بابەتەکانی (خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە بۆ یاسای سزادانی عیراقی و دادبینی شارستانی و یاسای جێبەجێکردن و یاسای سەلماندن) ئامادەکران، بەمەبەستی هەڵوەستەکردن لەسەریان و خستنە ڕووی لایەنە نێگەتیڤەکانی ئەو یاسایانە کە لەمپەرێکن لەبەردەم بەهێزبوونی دەسەڵاتی دادوەری و کەمبوونەوەی متمانەی هاوڵاتیان بەدادگاکان، هەروەها چۆنیەتی چارەسەر و گۆڕینی ئەو یاسایانە بەمەبەستی گونجاندنی لەگەڵ هەلومەرجی ئەمڕۆدا، بەجۆرێك بتوانێت وەڵام بەپێداویستییە هەنوکەییەکانی هاوڵاتیان بداتەوە.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەر لەمیانەی ئەم پرۆژەیەدا دوو راپرسیمان ئەنجامداوە، لەنێوان 150 لەو هاوڵاتیانەی لەناو دادگاکان کێشە یان داوایان هەیە، هەروەها لەنێوان 100 تۆمەتبار لەناو گرتووخانەی گواستنەوەی سلێمانی و هەولێر، کەدەرئەنجامەکانی لەگەڵ ئەم راپۆرتەدا هاوپێچە.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# دەستخستنە سەر پێشێلکارییەکان

لەماوەی ساڵی 2008دا توانرا لەڕێگەی پڕکردنەوەی 459 فۆرمەوە دەست بخرێتە سەر ئەو پێشێلکاریانەی کەدژی مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی تۆمەتباران لەقۆناغی لێیکۆڵنەوە و دادگایکردندا لەگەڵ ئەو پێشێلکاریانەی کەدژی سەروەری بوونی یاسا و سەربەخۆ بوونی دەسەڵاتی دادوەری و دادگاکان تۆمارکراون لەسەر دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس و حکومەت ولایەنە ناحکومیەکان و کۆمپانیاکانی پەیوەندیگرتن (الاتصالات)، کەسەرجەمیان بوونەتە هۆی ئاستەنگ و لەمپەر لەبەردەم سەربەخۆنەبوونی تەواوی دەسەڵاتی دادوەری دادگاکان و سەروەر نەبوونی یاسا و کەمبوونەوەی متمانەی هاوڵاتیان بەدەسەڵاتی دادگاکان بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

- لە157 فۆرمدا دەستخراوەتە سەر پێشێلکاریەکان، لەقۆناغی لێکۆڵینەوەدا.
- لە110 فۆرمدا دەستخراوەتە سەر پێشێلکارییەکان لەقۆناغی دادگایکردندا
- لە113 فۆرمدا دەستخراوەتە سەر پێشێلکارییەکان لەدادگا مەدەنییەکاندا
- لە52 فۆرمدا دەستخراوەتە سەر پێشێلکارییەکان لەفەرمانگەکانی جێبەجێکردندا
- لە27 فۆرمدا دەستخراوەتە سەر پێشێلکارییەکان لەدادگاکانی نەوجەوانانادا

## دەستخستنە سەر پێشێلکارییەکان لەقۆناغی لێکۆڵینەوەدا:

لەماوەی ساڵی 2008دا توانرا لەرێگای 157 فۆرمەوە دەست بخرێتە سەر ئەو پێشێلکاریانەی کە دژی یاساو مافەکانی تۆمەتباران ئەنجام دراون، لەلایەن دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس و وەزارەتی ناوخۆ و کۆمپانیای ئاسیا سێل و کۆرەك تیلیکۆم، لەهەر سێ پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێرو دهۆك، دەستنیشانی ئەو پێشێلکاریانە کراوە لەقۆناغی لێکۆڵینەوەدا، دژی یاساو مافەکانی تۆمەتباران، وەك جێبەجێ نەکردنی فەرمانی دەستگیرکردن وەلامنەدانەوەی دەسەڵاتەکانی لێکۆڵینەوە ، ئامادە نەکردنی تۆمەتبار لەبەردەم دادوەراندا لەماوەی یاسایی خۆیدا ، ئامادە نەبوونی نوێنەری یاسایی. ئەو زانیاریانەی کەلەفۆرمە پرکراوەکاندا هاتووە بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێنمان کردووە :-

1- بەکارهێنانی توندوتیژی و ئەشکەنجەدان لەدژی تۆمەتباران .

2- ئەنجامنەدانی کاری لێکۆڵینەوە لەلایەن لێکۆڵەرانی دادیی، بەپێچەوانەی یاسای بنەماکانی دادگەرییە سزاییەکان.

3- پێشێلکردنی مافەکانی تۆمەتبار لەقۆناغی لێکۆڵینەوەدا .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

4- ئەنجامدانی کاری لێکۆڵینەوە بەبێ پشت بەستن وەك پێویست بەو گۆڕانکارییە زۆرانەی کەلەبواری تەکنەلۆژیای سەردەمدا لەوڵاتە پێشکەوتووەکاندا پشتی پێدەبەسترێت.

5- جیبەجێنەکردنی بڕیارەکانی دەستگیرکردنی تۆمەتباران .

6- وەڵام نەدانەوەی لایەنەکانی حکومی و ناحکومییەکان بۆ بڕیاری دادگاکانی لێکۆڵینەوە.

7- گوێ پێنەدان و پشت گوێخستنی کارمەندانی دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس بۆ تەواوکردنی لێکۆڵینەوە.

## هەندێك لەو حاڵەتانەی کەدەستخراوەتە سەری (رصد)کراون بەم شێوەیە بوون:

### یەکەم: بەکارهێنانی توندوتیژی و ئەشکەنجەدان لەدژی تۆمەتباران:

1- لەیەکێك لەفۆرمەکاندا هاتووە کە تۆمەتبارێکی راگیراو بە پێی ماددەی (444) لەیاسای سزادانی عیراقی لەبەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوان لەسلێمانی تووشی ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی هاتووە لەسەر دەستی یەکێك لەئەندامانی ضبط القضائي لەو بەرێوەبەرایەتیەدا وە کاتێك پرسیاری لێدەکرێ لەو بارەیەوە لەلایەن یەکێك لەستافی پرۆژەکەمان لەسەر ئەو ئەشکەنجەدانەی لەبەرامبەر تۆمەتبارەکە بەکارهاتووە، ئەویش باس لەوە دەکات بەسۆندە لێلانداوە و جیاکردنەوەی لەتۆمەتبارانی تری کێشەکە، لەم بارەیەوە یەکێك لەئەفسەرەکانی ئەو بنکەیە لەوەڵامدا دەڵێت :- (ئێمە وەکو مامۆستا واین لەقوتابیان دەدەن بۆ ئەوەی چاکیان بکەن، ئێمەش لێیان دەدەین بۆ ئەوەی باش بن ) هەروەها تۆمەتبارەکە ئەمەی بۆ دادوەری لێکۆڵینەوە باس نەکردوە چونکە ئەفسەرەکە هەڕەشەی لێکردوە کەنابێ لای کەس باسی بکات.

ئەمەش پێشێلکردنی مافەکانی تۆمەتبارە لەکاتی لێکۆڵینەوەدا وە پێچەوانەی یاسای سزادان و (اصول محاکمات الجزائیە).

2- لەسەر دۆسیەی ژمارە 2008/124 لەبنکەی پۆلیسی راپەڕین لەسلێمانی کەبە پێی مادەی 444 لەی.س.ع لێکۆڵینەوە لەگەڵ دوو تۆمەتباری نەوجەوانان کراوە، دەستنیشانی ئەوە کراوە کەلەبەردەم دادوەری دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی/سێهەم ووتویانە کە تووشی ئەشکەنجەدانی جەستەیی بوون بەڵام دادوەری لێکۆڵینەوە هیچ رێ و شوێنێکی یاسایی نەگرتۆتەبەر بۆ تأکیدکردن لەڕاستی و دروستی ئەم ووتانەیان کە لە(3/31 و2008/4/1)لێیان وەرگیراوە ،سەرەڕای ئەوەی کە نەدەبوو پۆلیسی راپەڕین ئیجرائاتی یاسایی بکەن لەکاتێکدا پۆلیسی نەوجەوان و دادگای لێکۆڵینەوەی نەوجەوانان هەبێت.

3- هەروەها لەدۆسیەیەکی تردا لەبەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی دهۆك کە بە پێی مادەی (3)لەیاسای تیرۆر تۆمەتبارێکی تیادا دەستگیرکراوە دەستنیشانی ئەوە کراوە بە پێی راپۆرتی پزیشکی هەمیشەیی دەریخستووە کە تۆمەتبارەکە تووشی ئەشکەنجەدان بووە وە دادوەری لێکۆڵینەوە ئیجرائاتی یاسایی لەم حاڵەتانەدا کردووە.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

4- هەروەها دەستنیشانی حاڵەتێکی تر کراوە لەهەمان بەرێوەبەرایەتی لەسەر دۆسیەیەکیان کە بە پێی ماددەی289 لەیاسای سزادانی عێراقی تۆمەتبارێکی لەسەر راگیراوەو لە2008/19/17 تۆمەتبارەکە کۆچی دوایی کردوە لەناو بەندینخانەی دهۆك بەبێ ئەوەی رەوانەی نەخۆشخانە بکرێت راستەوخۆ براوە بۆ پزیشکی دادوەری ئەمەش کەمتەرخەمیەو پێشێلکاریەکە کە روویداوە ،هەرچەندە دادوەری لێکۆڵینەوە و داواکاری گشتی سەردانی گرتوخانەکەیان کردوە لەکاتی خۆیدا.

## دووەم: دەستگیرکردنی نایاسایی (حجز غير الشرعي)

لەفۆرمێکدا هاتووە کە ئاسایشی دهۆك تۆمەتبارێکیان دەستگیر کردوە لە2008/4/24 بە تۆمەتی تیرۆرو لە2008/5/30 ئازادیان کردوە بەبێ ئەوەی دادوەری لێکۆڵینەوە ببینێت ئەمەش پێچەوانەی یاسای(أصول المحاكمات الجزائيه)و پرەنسیپەکانی مافەکانی تۆمەتبارانە.

## سێهەم: جێبەجێ نەکردنی فەرمانی دەستگیرکردن:

1- تۆمەتبارێك لەرۆژی 1996/7/30 فەرمانی گرتنی بۆ دەرچووە بە پێی مادەی 25 لەیاسای هاتوچۆ هەرچەندە ئەو کاتە بە هۆی رووداوەکەوە خۆیشی بریندار بووە لەنەخۆشخانە بووە بەڵام لەبەرئەوەی تۆمەتبار شۆفێری وەزیری ناوخۆی ئەو کاتە بووە دەستگیرییان نەکردووە تاکو ئێستا کە نزیکەی 12 ساڵەئەو فەرمانی دەستگیر کردنە جێبەجێ نەکراوە، لەکاتێکدا ناو و ناونیشانی دیار بووە و لەکاتی خۆشیدا دەتوانرا بەئاسانی دەسگیر بکرێت.

2- لە4 فۆرمدا هاتووە کە بریارەکانی تایبەت بە دەستکیرکردنی تۆمەتباران جێبەجێ ناکرێت، لەیەکێ لەدۆسیەکاندا دادوەری لێکۆڵینەوە بەپێی ماددەی (31/405 لەی.س.ع) بریاری دەستگیرکردنی تۆمەتبار دەدات لەساڵی 2002 بەڵام تاکو2008/4/30 کاتی پرکردنەوەی فۆرمەکە دەستگیرنەکراوە.

3- لەدۆسییکی تردا بەپێی ماددەی 432 لە ی.س.ع دادوەری لێکۆڵینەوە بریاری دەستگیرکردنی تۆمەتبار دەدات لە2003/2/24 بەڵام تاکو بەرواری 2008/4/30 بە هەمان شێوە دەستگیر ناکرێت.

## چوارەم: وەڵامنەدانەوەی لایەنە حکومی و ناحکومییەکان بۆ بریاری دادگاکانی لێکۆڵینەوە:

1-لەدوو فۆرمدا ئاماژە بەوە دەدەن کە کۆمپانیای ئاسیا سێل وەڵامی نوسراوەکان نادەنەوە و گوێ بە بریاری دادوەر نادەن بۆ نموونە لەکێشەیەکدا داوای زانیاری لەئاسیاسێل کراوە لەبەرواری 2007/10/4 پاشان لەبەرواری 2008/2/11 جارێکی تر تەئکید لەسەر نوسراوەکە کراوەتەوە بەڵام تاکو ئێستا هیچ وەڵامیان نییە بە بێ ئەوەی هیچ ئیجرائاتێك بەرامبەر کۆمپانیای ناوبراو بکرێت لەبەرامبەر وەڵامنەدانەوەی بریاری دادوەردا .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

2- له4 فۆرمدا هاتووه كه لایەنە حكومی و ناحكومیەكان وەڵامی دەزگاكانی لێكۆڵینەوە نادەنەوە، لەیەكێ لەفۆرمەكاندا هاتووە كە پەراوێكی لێكۆڵینەوەیە بە پێی ماددەی 430 لە ی. س.ع دادوەری لێكۆڵینەوە بڕیاری دەستگیركردنی تۆمەتبار دەدات كە كارمەندی دەزگای ئاسایشە لەبەرواری 2008/2/14 بەڵام بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش وەڵامی ئەم بڕیارەی نەداوەتەوە تاكو بەرواری پڕكردنەوەی فۆرمەكە له2008/5/13.

3- لەفۆرمێكی تردا هاتووە كە دادوەری لێكۆڵینەوە بڕیاری بانگهێشت كردنی تۆمەتبار دەدات بە پێی ماددەی 432 لەی.س.ع له2008/1/22 ، سەرەڕای ناردنی نوسراو بۆ یەكێك لەپارتە سیاسیەكان كە تۆمەتبارەكە ئەندامە تیایدا بەڵام وەڵامیان نەبووە .

4- لەدۆسییەكی تردا بە پێی ماددەی 229 لەی.س.ع دادوەری لێكۆڵینەوە بڕیاری بانگهێشتكردنی تۆمەتبار دەدات كە بەرپرسێكی وەزارەتی پەروەردەیە له16 /2006/7 پاشتریش فەرمانی دەستگیركردنی بەڵام تاكو بەرواری 2008/5/8 نەهاتووە و سكاڵاكاریش ناچاربووە كە تنازل بكات لەسكاڵاكەی .

5- لەدۆسیەیەكی تردا هاتووە كە كۆمپانیای ئاسیاسێل سەرەڕای ناردنی نووسراو له2008/2/7 بەڵام تاكو بەرواری 2008/6/8 وەڵامی نوسراوی دادگای لێكۆڵینەوەی نەداوەتەوە ئەمانەش هەمووی دەبێتە هۆی دواكەوتنی تەواوكرنی لێكۆڵینەوە و هەواڵەكردنی تۆمەتباران بۆ دادگای تایبەتمەند بۆ دادگایكردنیان و كەمكردنەوەی بڕوای هاووڵاتیان بە سەروەری یاساو بڕیاری دادگاكان.

6- لەفۆرمێكی تردا دەستنیشانی ئەوە كراوە كە دوو تۆمەتبار بەپێی مادەی 431لەی.س.ع بە بڕیاری دادوەری دادگای لێكۆڵینەوەی سلێمانی بڕیاری ضبط كردنی ئۆتۆمبێلەكەیان دەدرێت له2005/4/17 پاش 6جار جەختكردنەوە لەبەرێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی له2008/7/27 وەڵام دەدەنەوە واتە پاش زیاتر له3ساڵ ئەمەش پێچەوانەی یاسایە وە لەڕووی بەرپرسیارێتی یاساییەوە پێویستە ڕێو شوێنی یاسایی لەدژی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی بگرێتەبەر.

7- هەروەها لەچوار فۆرمدا دەستنیشانی ئەوە كراوە كە فەرمانگە حكومیەكان و غیر حكومیەكان وەڵامی نوسراوی دادگاكانی لێكۆڵینەوە نادەنەوە وەك لەدۆسیەیەكدا كە بەپێی مادەی 446لەی.س.ع لێكۆڵینەوەی تیادا ئەنجام دەدریچت لەبەرواری 19-11-2007 داوا لەبەرێووەبەرایەتی هاتووچۆی سلێمانی كراوە كە زانیاری لەسەر ئۆتۆمبێلێك بنێرێت بەڵام تاكو 21-9-2008 هێشتا وەڵامیان نەداوەتەوە.

8- لەفۆرمێكی تردا كە لەسەر دۆسیەیەكی لێكۆڵینەوەی سلێمانی بە پێی مادەی 31/406لەی.س.ع تیادا ئەنجام دەدرێت داوا لەكۆمپانیای كۆرەك تیلیكۆم كراوە سەبارەت بەناردنی زانیاری لەسەر ژمارە مۆبایلێك له2008/6/29 بەڵام تاكو 1-9-2008 هێشتا وەڵام نەگەیشتوە.

9- لەفۆرمێكی تردا دەست نیشانی ئەوە كراوە لەسەر دۆسیەیەكی لێكۆڵینەوە كە بە پێی مادەی (21)لەیاسای هاتووچۆ لێكۆڵینەوەی تیادا ئەنجام دەدرێت دادوەری لێكۆڵینەوە داوای لەئاسایشی گشتی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سلێمانی کردوە بەمەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندییان لەسەر هەوالەکردنی تۆمەتبار بۆ دادگاییکردنی لە18-6-2008 بەڵام تاکو 20-7-2008یش هیچ وەڵامێکیان نەبووە.

10- دەست نیشانی ئەوە کراوە لەفۆڕمێکی تردا ،لەسەر دۆسیەیەکی لێکۆڵینەوەی سلێمانی بەپێی مادەی(459لەی.س.ع)کە بە بڕیاری دادوەر لە16-4-2008 نوسراو کراوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی باری شارستانی هەولێر بەمەبەستی ناردنی صورەت قیدی تۆمەتبار بەڵام تاکو 2008/8/3وەڵامیان نەبووە.

11- لەسەر دۆسیەی ژمارە (714 /2003)لەبنکەی پۆلیسی بەختیاری سکاڵاکراوە لەدژی تۆمەتبارێك کە کارمەندی ئاسایشی سلێمانی و بەپێی ماددەی 431لەی.س.ع دادوەری لێکۆڵینەوەی سلێمانی داوای کردوە لەئاسایشی کە ئامادەی بکەن بۆ وەرگرتنی ووتەکانی بەڵام تاکو 16-12-2008 کە بەرواری پڕکردنەوەی ئەم پێشێلکاریەیە لەدژی یاساو سەروەری بوونی و دەسەڵاتی دادوەری ئەم تۆمەتبارە ئامادەنەکراوە واتە پاش پێنج ساڵ لەبەرواری تۆمارکردنی سکاڵاکەوە !!

12- بەهەمان شێوە لەدۆسیەیەك بە ژمارە 2007/961 لەدادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی سکاڵا تۆمارکراوە لەدژی تۆمەتبارێك بە پێی ماددەی (332 لەی.س.ع)دەست نیشانی ئەو پێشێلکاریە کراوە کە تۆمەتبارەکە دەستگیرنەکراوە لە14-6-2007 هەرچەندە کارمەندی ئاسایشی سلێمانیەو چەند نوسراوێکی دادگاشیان بۆ ڕەوانەکراوە لە2007/8/16 و 2008/7/8 و 2008/12/3 بەڵام تاکو 2008/12/16 بەرواری پڕکردنەوەی ئەم فۆڕمە هێشتا ئامادەنەکراوە، هەرچەندە کارمەندانی ئاسایش و پۆلیس دەبێت جێبەجێکاری بڕیارەکانی دادگا بن نەك پێشێلکاری بڕیارەکان!!

13- هەروەها لەسەر دۆسیەی دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی دەستنیشانی ئەو پێشێلکاریە کراوە کە تۆمەتبارەکان کە بەپێی مادەکانی 456و434 لەی.س.ع لەلایەن دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی یەوە بانگهێشت کراون کە یەکێکیان ملازمی هاتوچۆیەو ئەوی تریان پلەکەی(عقید)ە بەڵام سەرەڕای تێپەڕبوونی زیاتر لەساڵ و نیوێك هێشتا ئامادەنەکراون تا نووسینەوەی ئەم ڕاپۆرتە،هەرچەندە لەکارمەندانی جێبەجێکاری بڕیارەکانی دادگاو یاسان!!.

## پێنجەم: ئامادە نەکردنی تۆمەتبار لەبەردەم دادوەردا لەماوەی یاسایی خۆیدا :

1- لەدوو فۆرمدا ئاماژە بەوە دەکەن کە تۆمەتباران لەماوەی یاسایی خۆیدا ئامادە ناکرێن لەبەردەم دادوەردا کە یەکێکیان بە مادەی 413 لەی .س.تەوقیف کراوە پاش 5 ڕۆژ لەبەردەم دادوەردا ئامادەکراوە ئەوی تریشیان بە مادەی 386 لەی . س توقیف کراوە دوای 3 ڕۆژ لەبەردەم دادوەردا ئامادەکراوە لەم دوو حاڵەتەشدا هیچ ئیجرائاتێك بەرامبەر لێکۆڵەرەکەی پۆلیس نەکراون کە سەرپێچی یاسایان کردووە .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## شەشەم: ئامادەنەبوونی نوێنەری یاسایی:

فۆرمەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە نوێنەری یاسایی دام و دەزگاکانی حکومەت ئامادە نابن لەکاتی خۆیدا بۆ وەرگرتنی وتەکانیان بۆ نموونە لە11/15 2007 دادوەر بڕیاری داوە بە وەرگرتنی وتەی نوێنەری یاسایی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی بەڵام لە2008/3/3 ئامادەبووە و لەبەردەم پۆلیس و لێکۆلەریدادا وتەی داوە پاشان داوای لێکردوون کە بۆ ڕۆژی دواتر دەتوانێت لەبەردەم دادوەردا ئامادە بێت بەڵام تا ئێستا نەچووە هەرچەند سێ جاری تر ئاگادار کراوەتەوە .

## حەوتەم: گوێپێنەدان و کەمتەرخەمی کارمەندانی دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس بۆ تەواوکردنی لێکۆڵینەوە:

1- لەدوو فۆرمدا ئاماژە بەوە دەدەن کە پەراوی لێکۆڵینەوە کەمتەرخەمی تێدا دەکرێت و لەماوەی گونجاودا نەخراونەتە بەردەم دادوەر بۆ نموونە پەراوێك لە7/8 /2006 وە نەخراوەتە بەردەم دادوەر تاوەکو بەرواری 10/3 /2008 لەو بەروارەشدا دادوەر داوای ڕوونکردنەوەی کردووە کە بۆ ئەو پەراوە لەماوەی دووساڵدا نەخراوەتە بەردەست دادوەر بەڵام پۆلیس تا بەرواری 2008/4/10 وەڵامی دادوەریان نەداوەتەوە.

2- لەدوو فۆرمدا هاتووە کە تۆمەتبارەکان لەکاتی دەستگیرکردنیاندا لەلایەن کارمەندانی دەزگای ئاسایشەوە ، پێیان ناوترێ کە تۆمەتەکەیان چییە و وە لەسەر چی دەستگیریان دەکەن و وە بە کەسوکاریان ناوترێ تەنانەت بە پارێزەرەکانیشیان تا تێپەڕبوونی کاتێکی زۆر ئەمەش پێچەوانەی مافەکانی تۆمەتبارە لەکاتی لێکۆڵینەوەدا و کەس وکاریان ناتوانن سەردانیان بکەن و پارێزەرەکانیان بیانبینن ئەمەش پێچەوانەی یاسای اصول محاكماتی جزائیە .

3- لە9 فۆرمدا هاتووە کە ڕێوشوێنەکانی لێکۆڵینەوە ئیهمالی و پشتگوێخستنی تەواوی تیادا بەدی دەکرێت وە ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە هەواڵەی دادوەری لێکۆڵینەوە ناکرێت لەماوەی یاسایی گونجاودا بۆ نمونە : لەیەکێك لەفۆرمەکاندا هاتووە کە بە پێی ماددەی 456 لەی.س.ع دۆسیەکەی هەواڵەی دادوەری لێکۆڵینەوە نەکراوە لەلایەن دەزگای پۆلیسەوە لە2007/9/26 تاکو 2008/4/30.

4- لەدۆسییەیەکی تردا بەپێی ماددەی 456 لەی.س.ع پاش تۆمارکردنی سکاڵا لەلایەن سکاڵاکار دژی تۆمەتبار دۆسییەی کێشەکە دیار نامێنێت و پاشان جارێکی تر سکاڵاکار سکاڵا تۆمار دەکاتەوە 5- لەکێشەیەکی تردا کە بە پێی ماددەی 413 لەی.س.ع لەیەکێك لەبنکەکانی پۆلیسەوە دەگوازرێتەوە بۆ بنکەیەکی تر لە(2006/11/21) بەڵام لەکۆتایی مانگی 2008/5 دا دەدۆزرێتەوە لەئەستۆی ئەفسەرێکی پۆلیسدا.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

6- لەفۆرمێکی تردا هاتوە کە تۆمەتبار بەپێی مادەی289لەی.س.ع دادگایدەکرێت،بەهۆی دواکەوتنی لێکۆڵینەوەو ئیهمالی کردن تیایدا نزیکەی 10دە مانگ دەخایەنێت هەواڵەی دادگای تاوانەکانی دهۆك کراوە.

7- لەفۆرمێکدا دەستنیشانی ئەوە کراوە کە تۆمەتبار بەپێی مادەی 477 لەی.س,ع دەستگیرکراوە و لە2008/9/21، بەبڕیاری دادوەری دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی بە کەفالەت ئازاد دەکرێت،بەڵام لە2008/9/22 لەبەردەم لێکۆڵەری دادی دادگاکەدا دەڵێت کەس ئاگاداری نەکردوم بە بڕیاری ئازادکردنم لەلایەن کارمەندەکانی پۆلیس تایبەت بە لێکۆڵینەوە لەدۆسیەکە.

8- لەفۆرمێکدا دەستنیشانی ئەوە کراوە لەسەر دۆسیەیەکی بنکەی پۆلیسی بەختیاری بەپێی مادەی (21لەی.هاتووچۆ)کە بە بڕیاری دادوەر بانگهێشتی تۆمەتباری داوە لە16-7-2008 بەڵام تاکو 26-8-2008 ئامادەنەکراوە.

9- لەفۆرمێکی تردا لەسەر دۆسیەیەکی بنکەی پۆلیسی بەختیاری بەپێی مادەی 456لەی.س.ع لەبەرواری 2008/3/19تاکو 2008/8/27 هیچ لێکۆڵینەوەیەك لەپەراوەکەدا نەکراوەو ئەفسەری لێکۆڵینەوە بە مطالعة نوسیویەتی کە سکاڵاکار لەسکاڵاکەی نەپرسیوەتەوە ئەمەش پێچەوانەی یاسای (أصول المحاكمات الجزائیه)کە دەڵێت سکاڵای سزای تلقائی لێکۆڵینەوەی تیادا دەکرێت.

10- لەفۆرمێکی تردا هاتوە بەپێی مادەی 459لەی.س.ع لەدادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی کە تۆمەتبار بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ دەرچوە لە2007/6/6بەڵام تاکو ئێستا دەستگیرنەکراوە واتە 2008/8/26.

11- لەفۆرمێکی تردا دەست نیشانی ئەوە کراوە لەسەر دۆسیەیەکی ئاسایشی گشتی بە ژمارە 31-6-2008بەپێی مادەی435لەی.س.ع کە بەڕێز دادوەری دادگای لێکۆڵینەوە ئاسایشی گشتی بڕیاری داوە لە2008/7/8کە پەڕاوەکە هەواڵەی کەرتی پۆلیسی بەختیاری بکرێت،بەڵام تاکو ڕۆژی 20-7-2008 ئەو بڕیارە جێبەجێ نەکراوە هەرچەندە لە2008/7/17و20008/7/20 دادوەری ئاسایشی گشتی جەختی لەجێبەجێکردنی کردۆتەوەو هیچ ئیجرائاتێکی یاسایی لەدژی ئەم ئیهمالی و تقصیریەی ئاسایش نەگرتۆتەبەر بەپێی ئەحکامەکانی مادەی 329لەیاسای سزادانی عێراقی،سەرەڕای ئەوەی لێکۆڵینەوە لەو جۆرە تاواناندا لەلایەن پۆلیسەوە دەکرێت نەك ئاسایش بە بڕیاری وەزیری دادی پێشوو واتە پێچەوانەی ئەو بڕیارەش کاریان کردوە .

12- لەفۆرمێکی تردا دەست نیشانی ئەوە کراوە لەسەر دۆسیەیەکی تحقیقی بە ژمارە 2008/585 لەدادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی کە کەسێك سوتاوە تیایدا و چاك بۆتەوە،لەبەرواری 2008/5/26دادوەر بڕیاری داوە کە هێڵکاری شوێنی ڕووداو بکرێت بەڵام تاکو 2008/8/12 یش ئەو بڕیارە جێبەجێ نەکراوە دادوەریش هیش ئیجرائاتێکی یاسایی لەدژیان نەگرتۆتە بەر.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

13- لەفۆرمێکی تردا هاتووە لەدادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی لەدۆسیەیەکدا بەپێی مادەی 412لەی.س.ع لەلایەن بەرێز دادوەری ئێشگرەوە لە2008/2/20ووتەی لایەنەکان وەرگیراوە بەلاّم تاکو 2008/7/6دادوەری تایبەتمەند پەڕاوەکەی نەدیوە .

14- لەفۆرمێکی تردا هاتوە لەسەر دۆسیەی ژمارە 2007/583تایبەت بە بنکەی تایبەتی بە بنکەی پۆلیسی بەختیاری 200/6/10 بەلاّم تاکو 2008/8/4واتە پاش سالێك و دوو مانگە پەڕاوەکە خراوەتە بەردەمی دادوەری لێکۆڵینەوە ،بۆ گشتاندنی فەرمانی دەستگیر کردن ئەمەش پێچەوانەی یاسایەو دادوەریش هیچ ئیجرائاتی نەکردوە.

15- لەفۆرمێکی تردا دەستنیشانی ئەوە کراوە لەسەر دۆسیەی ژمارە (225/)لەبنکەی پۆلیسی سەرچنار لەسلێمانی کە بەپێی ماددەی 402 لەی.س.ع لێکۆڵینەوەی تیادا ئەنجام دراوە، کە لە2007/12/10دادوەری لێکۆڵینەوە بڕیاری داوە کە 2007/12/16 بخرێتە بەردەمیان بەلاّم تا 2008/6/24 و دواتریش نەخراوەتە بەردەمی و جێبەجێی بڕیارەکەی نەکراوە.

16- لەفۆرمێکی تردا دەستنیشانی ئەوە کراوە لەسەر دۆسیەی ژمارە197/ 2008 لەدادگای لێکۆڵینەوەی(مصیف صلاح الدین)لەهەولێر کە بەپێی مادەی 406لەی.س.ع لێکۆڵینەوەی تیادا ئەنجام دراوە کە دادوەری لێکۆڵینەوە لە2008/11/24 بڕیاری هەواڵەکردنی تۆمەتبارانی داوە بۆ دادگای تایبەتمەند بەلاّم بڕیارەکە لە2008/12/15 ڕێکخراوە،ئەمەش پێشێلکاریەکی دیارەو بەڵگەی بێ هێزیە لەجێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادگادا.

17- لەدوو فۆرمی تردا دەستنیشانی ئەو حاڵەتە کراوە کە زوو بڕیارەکانی دادوەری لێکۆڵینەوە جێبەجێ ناکرێ وەك لەدۆسیەی ژمارە 2008/296لەکەرتی پۆلیسی ئەزمڕی شاری سلێمانی،کە بەپێی مادەی (21/ف1)یاسای هاتوچۆ لێکۆڵینەوەی تیادا ئەنجام دراوە و لە2008/11/24 دادوەری لێکۆڵینەوە بڕیاری هەواڵەکردنی دۆسیەکەی داوە بەلاّم لە2008/12/22 گەیشتۆتە دادگای تایبەتمەند،هەروەها لەدۆسیەیەکی ژمارە 2008/299 لەکەرتی پۆلیسی سەرچنار کە بەپێی ماددەی 230لەی.س.ع لێکۆڵینەوەی تیادا ئەنجام دراوەو لە2008/9/10 بڕیاری هەواڵەکردنی دراوە بەلاّم لە2008/12/23جێبەجێکراوە،بەهەمان شێوە لەسەر دوو دۆسیەی تر هەمان پێشێلکاری دەستنیشان کراوە.

18- لەسەر دۆسیەیەکی بێ ژمارە لەبنکەی پۆلیسی بەختیاری کە بەپێی ماددەی 434لەی.س.ع لێکۆڵینەوەی تیادا کراوە لە2007/6/27 هیچ ڕێ و شوێنێکی یاسایی تیا ئەنجام نەدراوە تا بەرواری دەست نیشانکردنی ئەم پێشێلکاریە دژی یاسای (أصول المحاكمات الجزائيه)کە 2008/11/9 .

19- دەستنیشانی ئەوە کراوە لەسەر دۆسیەی ژمارە(2008/673)لەبنکەی پۆلیسی بەختیاری لەسلێمانی کەبەپێی مادەی (456)لەی.س.ع لێکۆڵینەوەی تیادا دەکرێت ،کە بەڕێوەبەرایەتی ئامێر سازی بە ژمارەی نووسراویان (720)لە2008/7/11 دەڵێت تۆمەتبار تا بۆ ڕەوانە دەکەین بە نوێنەرماندا بەلاّم



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تاکو بەرواری پڕکردنەوەی فۆرمی چاودێری لە2008/10/28 ئەو تۆمەتبارە لەبنکەی پۆلیسی ناوبراو دیارنیە.

20- لەسەر دۆسیەی ژمارە 533 لەبنکەی پۆلیسی سکتان سەر بە کۆیە بە پێی مادەی 406 لەی.س.ع عێراقی ،ئەوە دەستنیشان کراوە کە لە2008/10/9 بڕیاری ئازادکردنی تۆمەتباران دەرچوە لەدادگای تاوانەکانی کەرکوك بەسیفەتی تمیزی، بەڵام لە2008/11/2 بڕیارەکە جێبەجێکراوە واتە دوای 24ڕۆژ ئینجا بڕیارەکە جێبەجێکراوە ،ئەمەش پێشێلکاریەکی ئاشکرای مافەکانی تۆمەتباران و مافەکانی مرۆڤە.

21- دەستنیشانی ئەوە کراوە لەسەر دۆسیەیەکی بنکەی پۆلیسی ڕەحیماوا لەهەولێر بەپێی مادەی 289و298 لەی.س.ع کە هەرچەندە ناونیشانی ڕوون و ئاشکرا هەیە بۆ تۆمەتبار سەبارەت بە دەستگیرکردنی بەڵام دەستگیرنەکراوەو هیچ ڕێ و شوێنی یاسایی لەلایەن دادوەری لێکۆڵینەوەی هەولێر نەکراوە.

22- لەسەر سێ دۆسیەی نوسینگەی نەهێشتنی تاوانی دهۆك کە بە پێی مادەکانی (456-446)لەی.س.ع لێکۆڵینەوەی تیادا کراوە دەستنیشانی ئەوە کراوە کە بە هۆی کەمتەرخەمی لەجێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادوەری لێکۆڵینەوە تۆمەتباران بۆ ماوەیەکی زۆر بە ڕاگیراو(موقف)ی ماونەتەوە.

23- دەستنیشانی ئەوە کراوە لەسەر دۆسیەیەکی بێ ژمارە لەدادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی چوارەم بە پێی مادەی 456لەی.س.ع کە دادوەری ئێشکگر بڕیاری داوە لە2008/10/22 کە 2008/10/23،تۆمەتبارو سکاڵاکار ئامادەبکرێن لەبەردەم دادوەری تایبەتمەند بەڵام تاکو 2008/10/26 ئامادەنەکراون.

24- دەستنیشانی ئەوە کراوە لەسەر دۆسیەیەکی ئاسایشی گشتی هەولێر کە بەپێی یاسای (مخدرات)تۆمەتبارێکی لەسەر ڕاگیراوە،پاش ئەوەی ڕێ و شوێنی یاسایی بۆ ڕێکخستنی بریکارنامە لەدادنوسی هەولێر ئەنجام دەدرێت لەلایەن کەس وکاری گیراوەکەوە،بەڵام ئاسایشی گشتی بریکارنامەکە ئیمزا ناکەن و داوا لەکەس وکاری تۆمەتبارەکە دەکرێت کە دەبێت نوسراوێك لەلایەن دادوەری ئاسایش بهێنرێت کەوا لاری نیە لەدەستنیشان کردنی پارێزەرەکە، ئەمەش پێشێلکاریەکی ئاشکراو مەترسی دارە بۆ سەر مافی بەرگری کردن کە لەیاساو دەستوردا ئاماژەی بۆ کراوە.

25- لەفۆرمێکی تردا دەستنیشانی ئەوە کراوە لەسەر دۆسیەی ژمارە(2007/195)لەبەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی هەرێم لەسلێمانی کە بە پێی مادەی 326لەی.س.ع لێکۆڵینەوەی تیادا کراوە و تۆمەتبارەکەش مفوضی ئاسایشە بەڵام لە2007/8/28 تاکو 2008/11/30 هیچ ڕێ و شوێنێکی یاسایی بۆ هەواڵەکردنی دۆسیەکە بۆ دادگای تایبەتمەند بەمەبەستی دادگاییکردنی تۆمەتبار ئەنجام نەدراوەو کەمتەرخەمی یەکی زۆر کراوە بەبێ ئەوەی هیچ بڕیارێك هەبێت بۆ لێپرسینەوە لەو کەمتەرخەمیە.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## دەستخستنە سەر پێشێلکارییەکان لەقۆناغی دادگایکردندا:

لەماوەی ساڵی 2008دا توانرا لەڕێگەی 110 فۆرمەوە دەستبخرێتە سەر ئەو پێشێلکاریانەی کەلەدادگا سزاییەکاندا (تاوان و کەتنی سلێمانی و هەولێر و دهۆك)، تۆمار کراون کەدەتوانین بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێنیان بکەین

1- نەشیاوی هۆڵەکانی دادگایی کردن لەگەڵ پرانسیبەکانی دادگایکردنی دادپەروەرانە
2- جێبەجێنەکردنی بڕیاری دادگاکان، بەئازادکردنی تۆمەتباران و هێشتنەوەیان بەشێوەی نایاسایی (غیر شرعی) لەلایەن دەزگاکانی ئاسایشەوە.
3- جێبەجێنەکردنی بڕیاری دادگاکان لەلایەن دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایشەوە.
4- دواخستنی دادگایکردن بۆ ماوەی دوور و درێژ، پێچەوانەی یاسا بەهۆی کەمی دادوەران و زۆری دۆسیەکانەوە.
5- بەڕێوەبردنی دانیشتنی دادگاییکردنەکان بەشێوەیەکی نایاسایی
6- بوونی کەموکوڕی لەهەندێك لەدۆسیەکاندا، بەهۆی کەم شارەزایی و کەمی کارمەندی یاسایی و زۆری دۆسیەکان.

هەندێك لەو حاڵەتانە کەدەستخراوەتە سەری واتە رصد کراون بەم شێوەیەی خوارەوە بوون:

### یەکەم: نەشیاوی هۆڵەکانی دادگایکردن لەگەڵ پرانسیبەکانی دادگایکردنی دادپەروەرانەدا :

1- لەدوو فۆرمدا هاتووە سەبارەت بە نەشیاوی هۆڵەکانی دادگاییکردن لەدادگاکانی تاوان و کەتنی هەولێر بەمەبەستی ئەنجامدانی دادگاییکردن،بەشێوەیەك لەبەربچوکی هۆڵەکانی دادگاییکردن کە ژمارەیان چوارەو ڕووبەری هەریەکەیان لە(5×4)م تێناپەڕێت بۆتە هۆی ئەوەی هیچ سیمایەکی دادگاییکردن بەخۆیەوە نەگرێت ،وەك ئەنجامدانی دادگاییکردن بەشێوەیەکی نائاشکرا،دانانی تۆمەتباران پێش دادگاییکردن لەشوێنی چاوەڕوانی لەژێر پلیکانەکانی دادگاکە و لەبەر بۆن ناخۆشی و نەگونجانی شوێنەکە، بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ پرەنسیپەکانی دادگاییکردنی دادپەروەرانە یەکناگرنەوە و بواری کاری دادوەری و بڕیاردانیش لەدۆسیەکاندا بەهەمان شێوە کاریگەری لەسەر دەبێت ،ئەمانەش هەمووی بوەتە هۆی ئەوەی کە پارێزاران و دادوەران و کارمەندانی پۆلیس و هاوڵاتیانیش نارەزای و نیگەران بکات و لەهەمان کاتدا مەترسی بۆ سەرجەم لایەنەکانی دادگایکردن و دادگاکان دروست بکات.

2- لەفۆرمێکی تردا دەست خراوەتە سەر پێشێلکاری لەسەر نەشیاوی هۆڵی دادگاییکردن لەدادگاکانی کەتنی سلێمانی و نەگونجانی لەگەڵ پرنسیپەکانی دادگاییکردنی دادپەروەرانە و مافەکانی تۆمەتباران لەکاتی دادگاییکردندا ،بە شێوەیەك کە لەچوار دادگایی کەتندا لەسلێمانی تەنها یەکێکیان



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

نەبێت ئەوانی تریان ڕووبەرەکەیان لە(3×3)م تێناپەڕێت ،لەبەربچوکی هۆڵەکانی دادگاییکردن دەتوانین بڵێین کە دادگاییکردن ئاشکرا نیە و ئاشکرایەتی واتە عەلانیەتی پێوە دیارنیە ،هەروەها لەبەر نەبوونی شوێنی گونجاو بۆ دانانی ئەو تۆمەتبارانەی کە ڕاگیراون لەگرتووخانەکانەوە دەهێنرێن بۆ دادگا بەبەر چاوی خەڵکەوە دادەنرێن و بە کەلەبچە کراوی کە ئەمە کارێکی نایاسایی و نەشیاوە لەگەڵ مافەکانی تۆمەتباران و پرەنسیپی (المتهم برىء حتى تثبت إدانته) یەکناگرێتەوە، ئەمە لەلایەك لەلایەکی تر زۆر جار دەبێتە مایەی بوونی کێشە و نانەوەی ئاژاوە لەناو هۆڵەکانی دادگاییکردن تاوەکو دروست کردنی مەترسی لەسەر ژیانی تۆمەتباران و ئەندامانی پۆلیس و کارمەندانی دادگا بەهەمان شێوە.

## دووەم: جێبەجێنەکردنی بڕیاری دادگاکان بەئازادکردنی تۆمەتباران و هێشتنەوەیان بەشێوەی نایاسایی (غير شرعى) لەلایەن دەزگاکانی ئاسایشەوە:

1- لەفۆڕمێکدا هاتوە سەبارەت بە دەست نیشانکردنی پێشێلکاری جێبەجێنەکردنی بڕیاری دادگاکان، وەك لەدۆسیەی ژمارە 77/ج/2008 کە بەپێی مادەی (1)لەیاسای ژمارە (21)ی ساڵی(2003) لەپەرلەمانی کوردستان دەرچوە دادگاییکردنی تۆمەتبارکراوە لەبەردەم دادگای تاوانەکانی سلێمانی و لە2008/8/19 دادگای ناوبرا بڕیاری ئازادکردنی داوا بەڵام تاوەکو2008/9/7 یش. ئاسایشی گشتی سلێمانی بەشی یاساو مافی مرۆڤ بەنووسراوی ڕەسمی ناڕازی بوونی خۆیان دەربڕیوەو ووتویانە بڕیارەکە تمیز دەکەینەوە و تۆماتبارەکە ئازادنەکراوە، لەکاتێکدا ئەوان بۆیان نییە تمییز بکەنەوە پێچەوانەی یاسای سزایی سزادان و (أصول المحاكمات الجزائيه) ڕەفتار دەکەن لەلایەکی تر پێویست بوو لەڕووی بەرپرسیارێتی یاساییەوە کە دادگای ناوبراو لێکۆڵینەوە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی بکات بەهۆی جێبەجێنەکردنی بڕیارەکەیان،ئەویش بە ئاگادارکردنی دادگای لێکۆڵینەوە بەپێی مادەی (329)لەیاسای سزادانی عێراقی ،کە ئەمەش نەکراوەو بۆ خۆی پێشێلکردنی یاسایە لەلایەن دادگای ناوبراوەوە.

2- لەفۆرمێکدا دەست خراوەتەسەر پێشێلکاریەکی ترسناك کە دەزگاکانی ئاسایش لەسلێمانیدا، بڕیاری دادگای تاوانەکانی سلێمانی جێبەجێ ناکەن بەبێ هیچ پاساوێکی یاسایی بە ئازادکردنی تۆمەتباران هەروەك لەدۆسیەی ژمارە (646/ج/2008) کە لە2008/11/6 بڕیاری کۆتایی تیادەرچووە بە ئازادکردنی چوار تۆمەتبار لەکۆی هەشت تۆمەتبار بە پێی یاسای نەهێشتنی تیرۆر (مكافحه الارهاب 3 لسنه 2006) پەرلەمانی کوردستان، لەبەرنەبوونی بەڵگەی تەواو بۆ تاوانبار کردنیان ،بەڵام سەرەڕایی دەرچوونی ئەم بڕیارە کەچی دەزگای ئاسایشی سلێمانی ئیمتناع دەکات لەجێبەجێکردنی و تا ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە کەسیان ئازاد نەکراون ،ئەمەش کارێکی نایاساییە و دژی مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی تۆمەتبارانە و پێویست بوو دادگای ناوبراو بڕیار بدات بە ئاگادارکردنی دادوەری لێکۆڵینەوەی ئاسایشی بۆ کردنەوەی دۆسییەکی لێکۆڵینەوە لەدژی بەرپرسی یەکەم لەو دەزگایەو داانی بە دادگاییکردن بە پێی ئەحکامەکانی مادەی 392 لەی.س.ع.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## سێهەم: جێبەجێنەکردنی بڕیاری دادگاکان لەلایەن دەزگا حکومی و ناحکومییەکانەوە:

1- لەفۆڕمێکی تردا هاتوە لەسەر دۆسیەی ژمارە 325/ج/2008 و لەبەردەم دادگای کەتنی هەولێر دادگاییکردن تیایدا ئەنجامدراوە بەپێی مادەی(377 من ق.ع ع)کە کۆمپانیای کۆرەك تیلیکۆم وەڵامی دادگای نەداوەتەوە هەرچەندە دادگاییکردن بۆ سێ جار دواخراوە.

2- لەفۆرمێکی تردا هاتووە لەسەر دۆسیەی 20/ج/2008 کە لەدادگای کەتنی عینکاوە ،هەولێر دادگاییکردنی بە پێی مادەی (432لەی.س.ع)تیایدا ئەنجامدراوە ،یەکەم ڕۆژی دادگاییکردنی 2008/4/10 بەڵام پاش زیاتر لەچەند جارێك دواخستنی دادگاییکردن بەهۆی ئامادەنەکردنی تۆمەتبارەوە و ئاگادارنەکردنی لەلایەن پۆلیس وە بە بەهانەی نەبوونی ئۆتۆمبێل ،پاش (116) ڕۆژ بڕیاری کۆتایی تیایدا دراوە ،ئەمەش پێچەوانەی یاسایە.

## چوارهەم: بەڕێوەبردنی دانیشتنی دادگاییکردنەکان بەشێوەیەکی نایاسایی:

1- لەفۆرمێکدا هاتووە لەسەر دۆسیەی ژمارە1660/ج/2008 کەلەبەردەم دادگای کەتنی سلێمانی دادگاییکردن تیایدا ئەنجام دەدرێت بەپێی مادەی (24 لەیاسای هاتوچۆ) لەڕۆژی2008/8/25لەکاتی ئەنجامدانی دادگاییکردندا دادوەر دوو جار وەڵامی تەلەفۆنی مۆبایلەکەی داوەتەوەو لەبەڕێوەبردنی دانیشتنی دادگاییکردندا بەهۆیەوە دووجار دابڕاوە.

2- لەفۆرمێکی تردا هاتووە لەسەر دۆسیەی 1092/ج/2008 لەبەردەم دادگای کەتنی سلێمانی بەپێی مادەی(21)لەیاسای هاتووچۆ دادگاییکردن تیایدا ئەنجامدەدرێت ،فەرمانبەرێکی دادگاکە لەدەرەوەی هۆڵی دادگاکە کاری دادوەری تیادا ئەنجامداوە.

3- هەروەها لەفۆرمێکی تردا دەست خراوەتە سەر پێشێلکاری لەدۆسیەی ژمارە 179/ج/2008 کە دادگاییکردن تیایدا ئەنجام دراوە بە پێی مادەی 433 لەی.س.ع و لەڕۆژی 2008/11/4 و پاش 19 نۆزدە دانیشتنی دادگاییکردن کە یەکەم دانیشتن لە2006/5/7 بووە، دادگایی کەتنی سلێمانی کە بڕیاری داوە بە حبسکردنی تۆمەتبار بۆ ماوەی مانگێك سەرەرایی دەرچونی یاسای کاری ڕۆژنامەگەری لەکوردستاندا بە ژمارە(35)لەساڵی 2007 لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە و لە(2008/10/20)ەوە کاری پێدەکرێت بەڵام دادگای کەتنی چوارەم پێچەوانەی ئەم یاسایەو پرەنسیپی (قانون الاصلح للمتهم واجب للتطبیق) حوکمی تۆمەتباری دا!، هەرچەندە دواتر پاش هەشت ڕۆژ لەم بڕیارە لەلایەن سەرۆکایەتی دادگای



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تێهەڵچونەوەی سلێمانی بەسیفەتی تەمیزی هەڵوەشایەوە، بەڵام تیادا مافی تۆمەتبار پێشێلکاری لەدژی کرا لەبەر بێئاگایی دادگای ناوبراو

4- لەدوو فۆرمدا دەستخراوەتە سەر پێشێلکاری لەدۆسیەکانی ژمارە 2432/ج/2008 و 926/ج/2008 کە بە پێی مادەکانی (10 برگەی 5 لەیاسای باری کەسێتی و 21 لەیاسای هاتووچۆ) دانراون لەبەردەم دادگای کەتنی سلێمانی /4 بۆ دادگاییکردن، بەڵام بە هۆی کەمتەرخەمی و گوێ پێنەدان بە ڕێ و شوێنی دادگاییکردن فەرمانبەرێکی دادگا کە کاری دادوەری دەکرد، تیایداو بڕیاری دەردەکرد!!

## پێنجەم: درەنگ یەکلاییکردنەوەی کێشەکان و دەرکردنی بڕیاری کۆتایی:

1- لەفۆرمێکی تردا لەسەر دۆسیەی 14/ج/2008 دەست خراوەتە سەر پێشێلکاری لەسەر دادگای تاوانەکانی دووەم لەهەولێر بە هۆی ئەوەی دادگای ناوبراو سێ جار تدەخلی کردوە لەسەر یەك لەکێشەکەدا له2008/7/28 بۆ 2009/1/15 ئەمەش دەبێتە هۆی درەنگ کەوتنی یەکلاییکردنەوەی کێشەکان.

2- لەفۆرمێکی تردا هاتووە کە دەست خراوەتەسەر پێشێلکاری لەدۆسیەی ژمارە 2021/ج/2008لەبەردەم دادگای کەتنی سلێمانی یەکەم بەپێی مادەی 495 لەی.س.ع دانراوە بۆ دادگاییکردن بەڵام سەرەرای ئامادەبوونی سکاڵاکار و تۆمەتباران بەڵام بەبێ دەست پێکردنی دادگاییکردن له2008/9/19 دادگاییکردن دواخراوە بۆ 2009/11/25 واتە بۆ 126ڕۆژی تر تەنها بۆ ئاگادارکردنی شایەت لەدۆسیەکەدا.

3- لەفۆرمێکی تردا هاتووە سەبارەت بە دەست خستنە سەر پێشێلکاریەك لەدۆسیەی ژمارە 336/ت/2008 سەبارەت بە کێشەی ژمارە 2008/533 لەبنکەی پۆلیس سکتان کە لەبەردەم دادگای تاوانەکانی کەرکوك لەسلێمانی بە سیفەتی تمیزی دانراوە بە پێی مادەی 406 لەی.س.ع ،بەڵام بڕیاری دادگای ناوبراو یەکلایکەرەوە نەبوە چونکە لەلایەك بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوەی کۆیە هەڵدەوەشێنێتەوە و لەلایەك دەسەڵاتی دەداتێ کە بە ڕای خۆی تۆمەتباران ئازاد بکات ،لەم بڕیارەش هیچ توانایەکی یاسایی نیە و یەك لاییکەرەوەش نیە لەدۆسیەکەدا ئەمەش پێچەوانەی یاسا و مافەکانی تۆمەتبارانە.

4- فۆرمەکان ئاماژە بەمانەوەیەکی زۆری داواکان دەکەن لەدادگاکانی کەتن ئەمەش وا دەکات زۆرجار سکاڵاکار واز لەداواکەی بهێنێت بۆ نموونە دۆسیەی ژمارە 2002/436 بنکەی پۆلیسی سەرا لەساڵی 2003 دا گەیشتۆتە دادگای کەتن بەڵام لەدوای دوو ساڵ و لەبەرواری 2005/7/21 محضری بۆ کراوە لەدوای ئەمەش سەرەتا 2005/12/24 دانراوە بۆ داگایی دواتر بۆ 2006/6/14 تأجیل بووە واتە بۆ 6مانگ و 10 ڕۆژ دواتر بۆ 2007/4/30 پاشان بۆ 2007/8/20 و پاشان بۆ 2007/12/10 دواتریش بۆ 2008/2/26 هەرچەندە کێشەکە کێشەی ساڵی 2002 وە بەڵام تا بەرواری 2008/1/5 هیچی تێدا نەکراوە.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

5- لەدۆسیەی ژمارە 265 /ج/ 2006 کەلەبەردەم دادگای تاوانەکانی سلێمانی لە2008/2/19 ڕۆژی دادگاییکردنی بووە بەپێ ی مادەی 452 لە(ی.س.ع) ، دەرکەوت کە تۆمەتبار سەرەڕای ئاگادارکردنی بە ڕۆژی دادگاییکردن عریضةی داوە بۆ دواخستنی دادگاییکردنەکەی، بە هەمان شێوە لە4/30 دووبارە بە عریضةیەك داوای دواخستنی دادگاییکردنەکەی کردووە بەبێ ئەوەی خۆی ئامادە بێت یان بریکارەکەی پاشان داواکە دواخراوە بۆ (5/27) بەڵام تۆمەتبار ئامادەنەبووە وە هیچ پاساوێکی نەبووە بۆ نەهاتنی سەرەڕای ئەمەش دادگا بڕیاری داوە بە دواخستنی دادگایکردنەکە بۆ ئاگاداربوونی تۆمەتبار بۆ ڕۆژی 2008/6/29 ، ئەمەش پێچەوانەی یاسای (اصول المحاكمات الجزائیه) سەبارەت بە ڕێوشوێنی دادگاییکردنی تۆمەتباران و بەڕێوەچوونی دادگاییکردنەکان .

6- هەروەها لەفۆرمێکی تردا هاتووە کە دۆسیەی ژمارە 191/ج/2006 کە بەپێ ی مادەی 295 لە(ی.س.ع ) دانراوە بۆ دادگاییکردنی تۆمەتبار لەبەردەم دادگای تاوانەکانی سلێمانی لە2006/5/3 تاکو مانگی 2008/4 بڕیاری کۆتایی تیادەرنەچووە سەرەڕای تێپەڕبوونی 24 مانگ بە هۆکاری جیاواز دادگاییکردنەکەی دواخراوە و ماوەی نێوانیان (23تاکو 107) ڕۆژ دەبێت .

7- لەفۆرمێکی تردا هاتووە کە دۆسیەی ژمارە 120 /ج/ 2005 بەپێ ی مادەی 281 لە(ی.س.ع) دانراوە بۆ دادگاییکردن لەبەردەم دادگای تاوانەکانی سلێمانی لە2005/5/2 و هۆکاری دواخستنی دادگاییکردنەکەی زۆرن کە بریتی یە لە(جێبەجێنەکردنی بڕیاری دەستگیرکردنی تۆمەتبار و کەفیلەکەی و سەرفاڵی سەرۆکی دادگا بە کاروباری کارگێری و مۆڵەتی ئەندامی ڕەسەنی دادگاو گۆڕانکاری دەستەی دادگا) هەروەها محضری نۆ مانگی دۆسیەکە دیارنەبوو لە2005/9/21 تاکو 2006/6/21 ، بەبێ ئەوەی هیچ بەدواداچونێك لەلایەن دادگا و داواکاری گشتی بۆ ئەم لایەنە کرابێت .

8- لەفۆرمێکی تردا هاتووە کە دۆسیەی ژمارە 369/ج/2006 لەبەردەم دادگای تاوانەکانی کەرکوك–لەسلێمانی دانراوە بۆ دادگاییکردنی تۆمەتباران بەپێی مادەی 406 لە(ی.س.ع) لە2006/11/19 دۆسیەکە وەرگیراوە لەدادگای ناوبراو بەڵام پاش تێپەڕبوونی (107) ڕۆژ لە2007/3/6 دانراوە بۆ بەرواری یەکەم ڕۆژی دادگاییکردن ، کە ئەمەش پێچەوانەی ماوەی یاسایی دیاریکراوە بۆ تەواوکردنی کەیسەکە .

9- هەروەها لەدۆسیەی ژمارە 105/ج/2007 کەلەبەردەم دادگای تاوانەکانی سلێمانی بۆ دادگاییکردنی تۆمەتباران بەپێ ی مادەی 412 لە(ی.س.ع) لە2006/12/8 ئەم کەیسە وەرگیرا لەدادگای ناوبراو بەڵام پاش تێپەڕبوونی (169) ڕۆژ واتە لە2007/5/27 بەرواری یەکەم ڕۆژی دادگاییکردنی تۆمەتباران بووە تیایدا ، ئەمەش پێچەوانەی یاسای (اصول محاكمات الجزائیه) جارێکی تر و کاریگەری دەبێت لەسەر لایەنەکانی کێشەکەو بڕوابوونی هاووڵاتیان بە دەسەڵاتی دادگاو زوو چارەسەرکردنی کێشەکان و بڕیاردانی کۆتایی تیایدا .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

10- لەفۆرمێکی تردا هاتووە کە دۆسیەی ژمارە 323/ج/2005 دانراوە بۆ دادگاییکردنی تۆمەتبار تیایدا لەبەردەم دادگای کەتنی سلێمانی بەپێ ی مادەی (23/برگەی 7) لەیاسای بەکرێدانی خانوبەرە ، لە13 /2005/3 دۆسیەکە لەدادگای ناوبراو وەرگیراوە بەڵام پاش تێپەربوونی 270 ڕۆژ واتە 2005/12/11 بەرواری یەکەم ڕۆژی دادگاییکردنی تۆمەتبار بووە تیایدا ، سەرەرای ئەوەی کە فۆرمی (کۆنووسی) پێکراوە لەدادگای کەتن بە مادەی (432لەی.س.ع) پڕکراوەتەوەو بەبێ هیچ بریاریکی یاسایی ، کە تاکاتی پڕکردنەوەی فۆرمەکە بریاری کۆتایی تیا دەرنەچووە ، هەرچەندە کێشەکە هی ساڵی 2004 و کێشەیەکی زۆر سادەیە، بەڵام ئەو هەموو ماوە زۆرە پێچەوانەی یاساو هەموو بنەما دادوەریەکانە وکاریگەری خراپی دەبێت لەسەر بڕوابوونی هاووڵاتیان بە باڵادەستی دادگا لەیەکلاییکردنەوەی کێشەکانیاندا، کە پێویستە لەسەر هەموو لایەنە پەیوەندارەکانی دەسەڵاتی دادوەری راوەستانی لەسەر بکەن و چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزنەوە.

## دەستخستنە سەر پێشێلکارییەکان لەدادگاکانی نەوجەواناندا:

لەماوەی ساڵی 2008دا لەرێگای 27 فۆرمەوە توانرا دەست بخرێتە سەر ئەو پێشێلکاریانەی کە لەدادگاکانی نەوجەوانانی سلێمانی و هەولێر تۆمار کراون، بەپێی ئەو زانیاریانە دەتوانین پێشێلکاریانە لەمانەی خوارەوەدا پۆلێن بکەین:

1- بەکارهێنانی توندوتیژی و ئەشکەنجەدان لەبەرامبەر تۆمەتبارانی نەوجەواناندا.
2- دواخستنی دادگایکردن بۆ ماوەی دوور و درێژ و بەپێچەوانەی یاسایەوە.
3- جێبەجێنەکردنی بریاری دادگاکان و کەمتەرخەمی کردن تیایاندا لەلایەن دەزگاکانی پۆلیسەوە، بەئاگادارکردنی تۆمەتباران و دەستگیرکردن و ئاگادار کردنی لایەنی کێشەکان.

## یەکەم: بەکارهێنانی توندوتیژی و ئەشکەنجەدان لەبەرامبەر تۆمەتبارانی نەوجەواناندا

لەفۆرمێکدا دەست خراوەتەسەر پێشێلکاریەك کە لەدۆسیەی ژمارە 54/ج/2008 لەبەردەم سەرۆکایەتی دادگای‌نەوجەوانانی هەولێر دانراوە بۆ دادگاییکردنی تۆمەتبارانی نەوجەوانان تیایدا بە پێی ماددەی(443 لەی.س.ع)،سەرەرای ئاماژەدانی یەکێك لەتۆمەتبارەکان کە کاتی ڕووداوەکە لەبنکەی پۆلیسی خەبات لەهەولێر ئەشکەنجە دراوەو راپۆرتی پزیشکی ئەمەی سەلماند بە کوتانی بزمار لەپێی بۆ ئەوەی إعتراف بکات ،بەڵام هیچ ڕێ و شوێنێکی یاسایی لەدژی ئەم پێشێلکاریە لەدژی مافەکانی تۆمەتباران و نەوجەوانان و یاسا نەگیراوەتەبەر لەگەڵ ئەنجام دەرانیدا !!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## دووەم: دواخستنی دادگایکردن بۆ ماوەی دوورو درێژ بەپێچەوانەی یاساوە:

1- لەحەوت فۆرمدا هاتووە لەسەر دۆسیەکانی (263 و 100 و 231 و191 و 192 و 193و189/ج/2008)کە بە پێی مادەکانی(412و443و444و405)لەیاسای سزادانی عێراقی دادگاییکردن تیایدا دەکرێت لەبەردەم دادگای نەوجەوانانی سلێمانی بەهۆکاری جیاجیا دادگاییکردن تیایدا دواخراوە لە(75ڕۆژ بۆ 95ڕۆژ)کە ئەمەش پێچەوانەی یاسایە بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

2-هەروەها لەپێنج فۆڕمی تردا دەست خراوەتە سەر پێشێلکاری بە دواخستنی دادگاییکردن بۆ ماوەی دوورو درێژ و پێچەوانەی یاسا وەك لەدۆسیەکانی ژمارە :-

a. 230/ج/2008
b. 190/ج/2008
c. 281/ج/2008
d. 160/ج/2008
e. 161/ج/2008.

کە دواخستنی دادگاییکردن لەنێوان دوو دانیشتندا لەنێوان 82 ڕۆژ بۆ 97 ڕۆژ بووە!!

## سێهەم: جێبەجێنەکردنی بڕیاری دادگاکان و کەمتەرخەمی کردن لەلایەن دەزگاکانی پۆلیسەوە.

1- لە10 فۆڕمی تردا دەست خراوەتەسەر پێشێلکاریەکان لەدۆسیەکانی ژمارە :-

1) 314/ج/2008 بە پێی مادەی 8 لەیاسای پاسپۆرت(الجوازات).
2) 300/ج/2007 بە پێی مامدەی 406 لەی.س.ع.
3) 281/ج/2007 بە پێی مادەی 8 لەیاسای پاسپۆرت.
4) 330/ج/2008 بە پێی مامدەی 281 لەی.س.ع.
5) 49/ج/2008 بە پێی مادەی 8 لەیاسای پاسپۆرت.
6) 320/ج/2008 بە پێی مادەی 281 لەی.س.ع.
7) 301/ج/2007بە پێی مادەی 24 لەیاسای مانەوە (الاقامە الاجانب).
8) 120/ج/2008 بە پێی مامدەی 443 لەی.س.ع.
9) 287/ج/2008 بە پێی مادەی 31/443 لەی.س.ع.
10) 212/ج/2008 بە پێی مادەی 444لەی.س.ع.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

که هەموویان بڕیاری دادگا جێبەجێنەکراوە لەئاگادارکردنی لایەنەکانی کێشەکان و بۆتە هۆی دواخستنی دادگاییکردن بۆ ماوەی زۆر و دواخستنی یەکلایکردنەوەی کێشەکان بە زووترین کات و وەك ئەوەی یاسا دیاری کردوە لەیاسای (أصول المحاكمات الجزائیە)دا.

2 - هەروەها لەفۆرمێکی تردا دەست خراوەتەسەر پێشێلکاریەکی تر وەك لەدۆسیەی ژمارە 212/ج/2008 لەبەردەم سەرۆکایەتی نەوجەوانانی سلێمانی کە پێی مادەی 444 لەی.س.ع دادگاییکردن تیادا ئەنجام دەدرێت ،بە هۆی ئاگادارنەکردنی سەرجەم لایەنەکانی کێشەکە دادگاییکردن لە2008/11/9 دواخراوە بۆ 2009/2/1.

3 - هەروەك لەدۆسیەی ژمارە 189/ج/2008 لەسەرۆکایەتی دادگای نەوجەوانانی سلێمانیدا هاتووە لە2008/11/9 دادگاییکردن دواخراوە بۆ2009/2/1 چونکە سکاڵاکار ئاگادارنەکراوە لەلایەن پۆلیسەوە بۆ ڕۆژی دادگاییکردن کە بە پێی مادەی 444 لەی.س.ع ئەنجام دەدرێت.

4 - لەفۆرمێکی تردا دەست خراوەتە سەر پێشێلکاری لەجێبەجێ نەکردنی بڕیاری دادگا بەدەست گیرکردنی تۆمەتبار کە بە پێی ماددەی 443 لەی.س.ع بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە سەرەڕای تێپەڕیوونی زیاتر لە74 ڕۆژ بەسەر بڕیارەکەدا وەك لەدۆسیەی ژمارە 169/ج/2008 لەبەردەم سەرۆکایەتی دادگای نەوجەوانانی سلێمانیدا هاتووە.

## دەستخستنە سەر پێشێلکارییەکان لەدادگا مەدەنییەکاندا:

لەماوەی ساڵی 2008دا توانرا لەڕێگەی تۆمارکردنی 113 فۆرمەوە، دەستبخرێتە سەر ئەو پێشێلکاریانەی کە لەدادگاکانی بەرایی و باری کەسێتی و باری شارستانی سلێمانی و هەولێر و دهۆك ئەنجامدراون، کەدژی یاسا و مافی لایەنەکانی داوا ئەنجام دراون، دەتوانین پێشێلکارییەکان بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێن بکەین:

1- نەشیاوی هۆڵەکانی دادبینی بۆ کاری دادوەری لەدادگاکانی بەرایی و باری کەسێتی لەسلێمانی و هەولێر
2- وەڵامنەدانەوەی لایەنەکانی حکومی و ناحکومی لەداواکاندا بۆ بڕیارەکانی دادگا.
3- کەمتەرخەمی و گوێپێنەدان بەبەڕێوەبردنی دانیشتنی دادبینییەکان.
4- دواخستنی دادبینی بۆ ماوەی دوورودرێژ پێچەوانەی یاسا
5- پابەند نەبوون بەیاساوە.
6- ئامادەنەبوونی نوێنەری یاسایی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## یەکەم: نەشیاوی هۆڵەکانی دادبینی بۆ کاری دادوەری:

1- سەبارەت بە نەشیاوی هۆڵەکان و خراپ بەڕێوەچونی دادبینی لەدادگاکانی بەرایی و باری کەسێتی، لەدوو فۆڕمدا دەستخراوەتە سەر ئەم پێشێلکاریانە هەروەك لەیەکێکیاندا هاتووە سەبارەت بە دادگاکانی باری کەسێتی لەهەولێر بە گشتی و دادگای باری کەسێتی چوارەم و پێنجەم ،کە شوێنەکەیان سەرەڕای ئەوەی بچوکە، دیوارەکانی زۆر شێوەیەکی ناشرین و کۆن دەنوێنن سەرەڕای ئەوەی کە لەبەر دەنگی بەرز و بێزارکاری هۆکارەکانی گەرم کردن و فێنك کردنەوە زۆر جار کەس گوێی لەهیچ نابێت کە ئەمانەش کاریگەری خراپ دروست دەکەن لەلای هاووڵاتیان و متمانەیان بە دەسەڵاتی دادوەری و کاری دادوەری کردن لەهەرێمی کوردستاندا لاواز دەبێت.

2- هەروەها لەفۆرمێکی تردا هاتووە،سەبارەت بە دادگا بەراییەکان لەسلێمانی کە پێنج دادگان، ژوورەکانیان کە دادبینی تیادا ئەنجام دەدرێت زۆر بچوکن کە بە جۆرێك رووبەریان لە(3×3)م تێناپەڕێت تەنها یەکێکیان نەبێت کە تۆزێك گەورەترە ،ئەم ژوورانە دەتوانین بڵێین تەنها بۆ کاتی بەدەر لەدادبینی کردن بۆ دادوەر باشە نەك بۆ هۆڵی دادبینی ،کە وای لەدادبینی کردوە هیچ ئاشکرای پێوە دیارنەبێت کە ئەمەش پێچەوانەی یاسایە.

3- هەروەها سەبارەت بە هۆڵی دادبینی دادگاکانی باری کەسێتی هەمان شت بەسەر ئەوانیشدا جێبەجێ دەبێت لەگەڵ زیادکردنی ئەوەی کە بوونی مامەڵەیەکی زۆر وای لەدادوەران کردوە کە تووشی بچڕان ببن لەدادبینی کردندا و تێکەڵاویەکی زۆری پێوە دیارە و بوونی تەنها ساڵۆنێك کە دادگاکانی باری کەسێتی سلێمانی هەموویان دەچنەوە سەری وای کردوە کە زۆر جار ئەم دادگایانە پشێوی زۆری پێوە دیاربێت،ئەمەش بێزاریەکی زۆری بۆ لایەنەکانی داواکان و کارمەندان و پارێزەران دروست کردوە.

## دووەم: وەڵامنەدانەوەی لایەنەکانی حکومی و ناحکومی لەداواکاندا بۆ بڕیارەکانی دادگا:

1- لەفۆرمێکدا دەست نیشانی ئەوە کراوە لەدۆسیەی داوای ژمارە 133/ش/2008 لەبەردەم دادگای باری کەسی هەولێر،کە دادوەری دادگاکە بڕیاری داوە بە ڕاگرتنی (توقیف)ی داواکار چونکە بۆتە هۆی تێکدانی نیزامی دادبینی ،بەڵام بڕیارەکەی جێبەجێنەکراوە بە هۆی دەست تێوەردانی قائمقامێك و ڕەتی کردۆتەوە کە توقیف بکرێت چونکە داواکار فەرمانبەری فەرمانگەکەی بووە.

2- لەفۆرمێکی تردا هاتووە لەسەر دۆسیەی داوای ژمارە 1187/س/2008 لەبەردەم دادگای بەرایی سلێمانی سێهەم کە دادگای ناوبراو سێ جار بەرەسمی داوای لەبەرێوەبەرایەتی گومرگی سلێمانی کردوە کە دۆسیەیەکی بە ژمارە (561/سلێمانی/2008)بۆ بنێرێت بۆ سەیرکردنی بەڵام بەرێوەبەرایەتی ناوبراو تاکو 2008/9/25یش أمتناع دەکات لەناردنی بە بەهانەی ئەوەی کە یاسای گومرگ بە ژمارە 23لسنە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

1984 مەنعی دادگاكانی كردوە لەبینینی ئەو داوایانە،ئەمەش پێچەوانەی یاسایەو لەمپەر دانانە لەجێبەجێكردنی بڕیاری دادگاكان بە پێی مادەی(329لەی.س.ع).

3- لەسەر دۆسیەی داوای ژمارە (1252/س/2007) كە لەبەردەم دادگای بەرایی سلێمانی دادبینی تیادا ئەنجام دەدرێت دەست نیشانی ئەوە كراوە كە بەرێز وەزیری دادی حكومەتی هەرێمی كوردستان بە نوسراوی ژمارە (2349/3) لە2008/9/15 كە ئاراستەی دادگای ناوبراو كراوە سەبارەت بە بڕیارەكانی دادگای باڵای شۆڕشی بەرەی كوردستانی، لەنوسراوەكەیاندا هاتووە (كە وێنەیەكی هاوپێچە)، بە پێی بڕیاری 35 (لە1991/11/14)ی پەرلەمانی كوردستان، بڕیارەكانی دادگای باڵای شۆڕش لەبەرەی كوردستانیی پەسەندی دەكەین و جێبەجێدەكرێت..) ئەم نوسراوەی وەزارەتی داد پێچەوانەی یاسای دادبینی شارستانی (المرافعات المدنیه)یە، كاری وەزارەتی داد نییە پەسەندی بڕیار بكات یان نا.

4- لەسەر دۆسێیەی داوی ژمارە 1078/ب/2008 لەبەردەم دادگای بەرایی هەولێر/2، دەستخراوەتە سەر وەڵامنەدانەوەی بەڕێوەبەرایەتی تۆماركردنی خانووبەرەی هەولێر بۆ بڕیاری دادگا بە ناردنی دۆسیەی موڵك،سەرەڕای دووجار جەخت كردنەوە لێیان .

5- لەسەر دۆسێیەی داوای ژمارە 796/ب/2008 لەبەردەم دادگای بەرایی هەولێر/سێهەم دەستخراوەتە سەر دواخستنی داوا بۆ چوار جار لەبەرئەوەی وەزارەتی دارایی ئامادەنەبوو پارێزەر بۆ خۆی دابین بكات بە پێی یاسا.

6- لەسەر دۆسێیەی داوای ژمارە 167/ب/2006 لەدادگای بەرایی دهۆك دەستخراوەتە سەر ئەوەی كەوەزارەتی داد سەرەرایی ئاگاداربوونی بە ڕۆژی دادبینی بەڵام شەش دانیشتنی دادبینی دواخراوە بۆ مەبەستی ئامادەبوونی، بەڵام ئامادە نەبووە.

## سێهەم: پابەندنەبوون بەیاساوە:

1- فۆرمەكان ئاماژە بەوە دەدەن كەدادگای باری كەسیەتی لەسلێمانی، داوا وەرناگرێت ئەگەر گرێبەستی هاوسەریەكە لەو داگایە دەرنەچووبێت هەرچەند ماڵی هاوسەرێتی و شوێنی نیشتەجێبوونی داوا لەسەركراویش سلێمانی بێت . سەرەڕای ئەوانەش دادوەر بە زارەكی دەڵێت كەتایبەتمەندی ئەو دادگایە نییە ، ئەمەش لەدوو ڕووەوە پێچەوانەی یاسایە :

- دادگا نابێت بە زارەكی وەڵامی لایەنی داوا بداتەوە بەڵكو بە پێی یاسا پێویستە بە نوسراو لەسەر داواكاری ڕای خۆی دەربخات تاكو بڕیاری دادگا تانەی لێ بدرێت لەڕووی یاساییەوە .
- بە گەڕانەوە بۆ ماددەی 303 ، سێ شوێنی دیاری كردووە كە دەكرێت داوای لێ تۆماربكرێت كە سەرەڕای ئەو دادگایەی كە گرێبەستەكەی لێ دەرچووە ،دادگای شوێنی نیشتەجێبوونی داوا لەسەركراو و دادگای شوێنی ڕوودانی كێشەكەش داوای لێ تۆمار دەكرێت، ئەم حاڵەتە ئێستا چارەسەر كراوە.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

2- حاڵەتێکی تر لەدادگای باری کەسێتی لەسلێمانی ئەوەیە کە یەکێك داوای دەرهێنانی بەڵگە دەکات بەتایبەتی بۆ داواکردنی گرێبەستی هاوسەری ئەگەر ئەو کەسە نفوسی سلێمانی نەبێت تەنانەت ئەگەر نیشتەجێی شاری سلێمانیش بێت ئەوا هەر بە زارەکی پێی دەوترێت لێرە ناکرێت ئەم حاڵەتەش پێچەوانەی یاسایە و چونکە بێجگە لەبەشنامەی شەرعی هیچ بەڵگەیەکی تر تایبەتمەندی شوێنی نییە، ئەم حاڵەتەش ئێستا چارەسەر کراوە.

3- لەفۆرمێکی تردا دەست نیشانی ئەوە کراوە لەدادگای باری شارستانی لەسلێمانی لەهەموو داواکانی تایبەت بە (گۆڕینی تەمەن) دا دادگای ناوبراو داواکار دەنێرێت بۆ لیژنەی پزیشکی هەمیشەیی ، سەرەرای ئەو ڕاستییەی لیژنەی پزیشکی بڕیارەکانی لەسەر بنەمای زانستی نین و بەبێ هیچ ڕێ و شوێنێکی زانستی پێشکەوتوو ئەو بڕیارانە دەردەکات، ئەمە لەلایەك و لەلایەکی ترەوە داوا لەسەرکراو هیچ لاری نییە لەنەناردنی هاوڵاتیان بۆ لیژنەی پزیشکی بە پێی یاسای باری شارستانی، ئەمەش پێچەوانەی یاسایەو متمانەی هاوڵاتیان بە بڕیارەکانی دادگا کەمدەکاتەوە.

4- هەروەها لەدوو فۆرمدا هاتووە سەبارەت بە داواکانی ژمارە ( 598 /ب/2008) و (430/ب/2008) لەبەردەم دادگاکانی بەرایی سلێمانی کە دادوەرەکان بێلایەنی خۆیان نەپاراستووە و بەیانی بیروڕای خۆیان کردوە لەسەر ڕێوشوێنی دادبینی و دادوەری لەداواکاندا ، لەداوای یەکەمدا پاش ئەوەی داواکار نەخۆی نە بریکارەکەی ئامادەی دادبینی نابن داوالەسەرکراو داوادەکات دادبینی ئەنجام بدرێت بەڵام دادوەر دەڵێت پوچەڵی بکەیتەوە باشترە بۆیە داوا لەسەر کراو ناچار داوای پوچەڵکردنەوەی داواکە دەکات. لەداوای دووەمدا پاش ئەوەی دادوەر داوا دەکات لەبریکاری داواکار کە تحدیدی کێشی ئەو پارچە ئاڵتونانە بکات کە برێگرتەکەی ئیدیعای دەکات کە لای داوا لەسەرکراوە ، پاش ئەوەی بریکارەکەی دەڵێت برێگرتەکەی ناتوانێت دەستنیشانی بکات، دادوەری دادگاکە دەڵێت: کەواتە برێگرتەکەت (درۆ دەکات) ، ئەم دوو نمونەیەی سەرەوە پێچەوانەی پرانسیپەکانی دادوەریکردن و یاسان

5- لەسەر دۆسیەی داوای ژمارە1152/ش/2008لەبەردەم دادگای باری کەسی سلێمانی دەست نیشانی ئەوە کراوە کە ڕۆژی 2008/6/16لەسەر عریضةی داواکە دیاری کراوە بۆ یەکەم ڕۆژی دادبینی بەڵام ڕۆژی 2008/6/17 دادگا پێکهاتووە دانیشتنی یەکەم ئەنجام دراوە بەبێ ئەوەی هیچ ڕوونکردنەوەیەك لەو بارەیەوە درابێت.

6- له14 فۆرمدا دەست خراوەتەسەر پێشێلکاری کەمی شارەزایی یاسایی لەلایەن هەندێ لەدادوەران،هەروەك لەسەر دۆسیەی ژمارە 201/ش/2007 لەدادگای بارە کەسێتی هەولێر تۆمارکراوە و تایبەتە بە (تەڵاقی خولعی)کە دادگای ناوبراو شارەزایی تەواوی نیە بە یاسای باری کەسێتی بۆیە بڕیاری داوە کە (پەسەندی تەڵاقێکی خولعی نێوانیان بکات و دایناوە بە تەڵاقێکی ڕەجعی ئەمەش پێچەوانەی یاسایە)..

7- هەروەها لەسەر دۆسیەی ژمارە 2598/ش/2006 لەدادگای باری کەسێتی هەولێر/چوارەم کە تایبەتە بە (تعويض طلاقي تعسفي) دادوەر بەیانی ڕای تایبەتی خۆی کردوە و بێلایەنی لەدەستداوە کاتێك



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بە داوا لەسەر کراوی ووتوە (چۆن ناتوانیت دوو شاهید پەیدا بکەی کە تەڵاقەکە زێدەڕۆیی تیانەکراوە) ئەمەش پێچەوانەی کاری دادوەری کردن و یاسایە.

8- هەروەها دەست خراوەتە سەر پێشێلکاریەکی تر لەدۆسیەی ژمارە 2556/ش/2008 لەدادگای باری کەسێتی هەولێر /سێهەم کە تایبەتە بە (تصدیق طلاق) ئەویش سەرەڕای تێپەڕبوونی ماوەی (عدە) کەچی دادوەر بڕیاری داوە بە ڕەوانەکردنی لایەنەکان بۆ توێژەری کۆمەڵایەتی.

9- هەروەها لەسەر دۆسیەی ژمارە 1605/ش/2007 لەبەردەم دادگای باری کەسێتی هەولێر/چوارەم دەستخراوەتە سەر پێشێلکاریەکی تر کە دژی یاسایە وەك ئەنجامدانی دادبینی بەبێ ئاگادارکردنی لایەنی نارەزایی و کۆتایی هێنان بە دادبینی پاش ئەوەی دەسەڵاتی دادگای ناوبراو نامێنێت بەسەر داواکەدا کەچی دادبینی سەرلەنوێ دەستی پێ کردۆتەوە!! هەرچەندە ئەم بڕیارە لەلایەن دادگای تەمییزەوە هەڵوەشاوەتەوە بەڵام جێگەی هەڵوێستە لەسەر کردنە...

10- هەروەها لەسەر دۆسیەکانی 2597/ش/2006 لەدادگای باری کەسێتی هەولێر،1175/ش/2008 لەدادگای باری کەسێتی هەولێری چوارەم،بەزەقی پێشێلکاری دژی یاساو بەیانی ڕەئی قازی لەداواکاندا بە ئاشکرا دیارەو تلقینی دادوەر بۆ شایەتەکان بۆ ئەوەی پێچەوانەی شایەتەکانی تر نەبێت کارێکی زۆر خراپە بۆ سەر متمانەی هاووڵاتیان بە یەکلاییکردنەوەیەکی دادپەروەرانە لەلایەن دادگاکەوە.

11- لەسەر دۆسیەی ژمارە1185/ب/2008 لەدادگای بەرایی هەولێری سێهەم دەست خراوەتە سەر پێشێلکاریەکی تر سەبارەت بەوەی دادوەر بڕیاری داوە بە ڕەتکردنەوەی داواکاری داواکار بە سەلماندنی داواکەی بە گرێبەستێك کە بەم دواییانە دەستی کەوتوە،ئەمەش پێچەوانەی یاسای سەلماندنی ژمارە(111)یەو داواکاری بە عاجز دانا لەسەلماندن.

## چوارەم: ئامادەنەبوونی نوێنەری یاسایی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان:

1- لەفۆرمێکدا هاتووە سەبارەت بە داوای ژمارە 69/ب/2008 کە داوا لەسەرکراو (سەرۆکایەتی شارەوانی بەکرەجۆ) یە ، نوێنەری یاسایی بۆ (3) دادبینی ئامادە نەبووە ، سەرەرای ئەوەی کە دادوەر لە2008/1/30 بڕیاری داوە کە پارێزەر بە دەسەڵاتی ڕاوێژکار دابنرێت لەرێگای لیژنەی دابەشکردنی داوای حکومی بەڵام لە2008/6/19 پارێزەرەکان ئامادە بوون وە وتویانە وەکالەتیان بە دەست نەگەیشتووە بەو هۆیەوە دادبینی دواخراوە بۆ 2008/7/9.

2- هەروەها لەداواکانی ژمارە (70/ب/2008) (2641/ب/2007) و (253/ب/2008) کە لایەنی داوالەسەرکراو دام و دەزگاکانی حکومەتن ، دادبینی تیایدا زۆر دواخراوە بە هۆی ئەوەی نوێنەری یاسایی دەسەڵاتی نیە و ناتوانێت ئامادەی دادبینی بێت ، پێویستە پارێزەر بگیرێت ، ڕێ وشوێنی دانان و دەست نیشانکردنی پارێزەریش زۆر ئاڵۆز و قورسە و ئەمەش گرفتی بۆ دادگاکان دروست کردوە و بۆتە هۆی دواخستنی یەکلاییکردنەوەی داواکان.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

3- دەست نیشانی ئەوە کراوە لەسەر دۆسیەی داوای ژمارە 1316/س/2007لەبەردەم دادگای بەرایی سلێمانی دادبینی تیادا ئەنجام دەدرێت دەردەکەوێت کە 13سیانزە دانیشتنی نوێنەری یاسایی ئامادەنەبوە هەرچەندە ئاگادارکراون کە داوالەسەر کراو بەرێز وەزیری گەشت و گوزاری حکومەتی هەرێمی کوردستانە.

4- هەروەها لەدۆسیەی داوای ژمارە 827/ب/2008 لەبەردەم دادگای بەرایی سلێمانی کە داوالەسەرکراو بەرێز بەرێوەبەری دەزگای گشتی پرۆژە تایبەتەکانە /بەشی سوتەمەنی/پێنج دانیشتنی دادبینی نوێنەری ئامادەنەبووە هەرچەندە ئاگاداری کراون.

5- هەروەها لەدۆسیەی داوای ژمارە 1142/ش/2008کە لەبەردەم دادگای باری کەسی سلێمانی دادبینی تیا ئەنجام دەدرێت و داوا لەسەرکراو وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابوری یە هەرچەندە ئاگادارکراون بەڵام پێنج دانیشتنی دادبینی نوێنەری ئامادەنەبوە.

6- هەروەها لەیەکێك لەفۆرمەکاندا هاتوە کە دەست نیشانی ئەوە کراوە لەسەر نوسراوێکی فەرمانگەی داواکاری گشتی سلێمانی بە ژمارە 387 لە2008/8/5 کە ئاراستەی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی کراوەو(وێنەیەکی هاوپێچە) لەبڕگەی دووەمیدا سەبارەت بە بەدواداچونی ئەندامانی داواکاری گشتی بە دوای داوا حکومیەکاندا،هاتووە کە بە دڵنیاییەوە فریاناکەون چونکە لەبەرئەوەی کێشەی کەمی ئەندامانی داواکاری گشتیان هەیەو بۆ نموونە لەشاری سلێمانی پێنج دادگای بەرایی هەیە تەنها یەك ئەندامی داواکای گشتی داوا حکومیەکان دەبینێت ،ئەمەش پێچەوانەی کاری داواکاری گشتیە کە ئەرکی بەرگری کردنە لەماڵی گشتی و موڵکی گشتی /پێویستە لایەنە پەیوەندارەکان هەڵوێستەی لەسەر بکەن و چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزنەوە.

## پێنجەم: دواخستنی دادبینی بۆ ماوەی دوورو درێژ، پێچەوانەی یاسا:

1- داواکانی دادگای باری کەسێتی لەسلێمانی ماوەی نێوان دادبینیەکانی زۆر لەماوەی یاسایی خۆیان تێدەپەڕێنن بە پێی ئەو فۆرمانەی پڕ کراونەتەوە ماوەینێوان دوو دادبینی 38 بۆ 55 رۆژە، بۆ نموونە دواکانی ژمارە 459/ش / 2008و 454/ش /2008 و686/ش/2008 لەبەرواری 2008/4/3 وە تاجیل بوون بۆ 28/5/ 2008 کە 55 رۆژ دەکەن هۆی ئەم ماوە زۆرەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆری داواکان و کەمی داوەرەکان.

2- لەداواکانی دادگای باری کەسێتی سلێمانی ژمارە (465/ش/2008) و (1025/ش/2008) کە تایبەتن بە پێدانی خەرجی مناڵ ماوەی دواخستنی دادبینی لەنێوان 41 رۆژ بۆ 47 رۆژبووە ئەمەش ماوەیەکی زۆرەو ناگونجێت لەگەڵ یاسادا و بە تایبەتی کە داواکە تایبەتە بە خەرجی منال.

3- لەسەر دواخستنی دانیشتنی دادبینی بۆ ماوەی زۆر و پێچەوانەی یاسا ،لە،لە10دە فۆرمدا دەست نیشانی ئەوە کراوە هەروەك لەسەر دۆسیەی داوای ژمارە 1890/ش/2008لەبەردەم دادگای باری کەسی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سلێمانی دووەم دادبینی تیا ئەنجام دەدرێت لەبەرواری 2008/9/28بۆ 2008/11/17 دادبینی دواخراوە کە نزیکەی 49ڕۆژبەمەبەستی ئەنجام دانی شارەزایی لەسەر دیاری کردنی نەفقەە.

4- هەروەها لەسەر دۆسیەکانی داواکانی ژمارە 905/ش/2008و 919/ش/2008و1851/ب/2008و 2051/ش/2007و 1076/ش/2008و 200/ش/2008و 1396/ش/2008و2602/ش/2008کە لەبەردەم دادگاکانی باری کەسی سلێمانی و داگای بەرایی هەولێر و دادگای باری کەسی هەولێر دادبینی تیا ئەنجام دەدرێت دەست نیشانی ئەوە کراوە کەدادبینی تیایاندا دواخراوە لە(30ڕۆژ بۆ 60 ڕۆژ) بە هۆکاری جیاجیا ئەمەش پێچەوانەی بڕیاری دانانی سەقفی زەمەنی بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکانە.

## شەشەم: کەمتەرخەمی و گوێپێنەدان بەبەڕێوەبردنی دانیشتنی دادبینییەکان:

1- هەروەها لەدادگای باری کەسێتی سلێمانی لەبەرواری 2008/4/22 داوای ژمارە 1022/ش/2008 و کۆمەڵێك داوای تر هێنرابوونە ژووری یاریدەدەری دادوەریەکان ، یاریدەدەری دادوەر ئەو داوایانەی ئەبینی و کاروباری دادبینی جێ بەجێ دەکرد ، ئەمەش پێچەوانەی یاساو دەسەڵاتەکانی دادوەرە لەبینینی داواکان و پێشێلکارییەکی ترسناکە بۆ سەر کاری دادوەری.

2- هەروەها لەفۆرمێکی تردا هاتوە کە لەداوای ژمارە 2065/7/2008کە لەبەردەم دادگای بەرایی سلێمانی دووەم دادبینی تیادا ئەنجام دەدرێت لەبەرواری2008/9/21داواکە ترك دەکرێت بۆ مراجعە،سەرەڕای ئەوەی داوا لەسەرکراو داواکاری پێشکەش کردوە بۆ دواخستنی دادبینی وئەم کاری دادوەری دادگا پێچەوانەی یاسای دادبینی شارستانیە.

3- لەفۆرمێکی تردا لەسەر داواکانی ژمارە(1709/ش/2008)و(2311/ش/2008)لەبەردەم دادگای باری کەسی سلێمانی دەست نیشانی ئەوە کراوە کە لەدەرەوەی هۆڵی دادگا فەرمانبەرێك داواکەی بینیوەو کاری دادوەری کردوەو ووتویەتی دادوەر ووتی چیتان بۆ بنووسم.

4- لەفۆرمێکی تردا دەست نیشانی ئەوە کراوە لەسەر داوای ژمارە(2621/ش/2008)کە لەبەردەم دادگای باری کەسی هەولێر دادبینی تیادا ئەنجام دەدرێت کە دادوەری دادگاکە پەلەی کردووە ڕای خۆی دەربڕیوە لەسەر دۆسیەکەو تەلقینی شایەتی دووەمی کردوە بۆ ئەوەی وەك شایەتی یەکەم قسەکانی بکات.

5- لە10 فۆڕمدا دەستخراوەتە سەر پێشێلکاری کەمتەرخەمی و گوێ پێنەدان بە دانیشتنەکانی دادبینی کردن لەلایەن هەندێ لەدادوەرانەوە،سەبارەت بە کەمی ماوەی کاری دادوەری کردن لەدادگاکاندا سەرەڕای ئەوەی کە زۆربەی ڕۆژەکانی هەفتە دادوەرەکان تا کاتژمێر 9 بۆ 9:30 ئینجا دەست دەکەن بە پێکهێنانی دادگاو کاتژمێر دوانزەی نیوەڕۆ دادگاکان کۆتایی دەهێنن بە دادبینی کردن ئەمەش بۆتە هۆی لەکیس چوونی زۆرێك لەمافی هاووڵاتیان و لەکیس چوونی کاتەکانیان چونکە لەو ماوە کورتەدا ئەو هەموو داوایە کە دادبینی تیا ئەنجام دەدرێت ،بێ گومان هەموو داواکان حەقی خۆیان پێنادرێت بۆ ڕوون



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کردنەوەو شیکردنەوەی داواکاریەکان و تێگەیشتنی دادوەر لەداواکاریەکان ،ئەمەش کاریگەری خراپی هەیە لەسەر بەرێوەچونی دادبینی کردن بەدەست هێنانی مافەکان بۆ هاووڵاتیان.

6- سەبارەت بە بینینی داواکان لەلایەن فەرمانبەرانەوە لەدادگاکانی باری کەسێتی سلێمانی هەروەك لەم دۆسیانەی خوارەوە دەستیان خراوەتە سەر:-

1) 2093/ش/2008
2) 458/ش/2008
3) 3023/ش/2008
4) 2060/ش/2008
5) 2670/ش/2008
6) 2247/ش/2008
7) 1923/ش/2008

7- لەرۆژانی 2008/10/9 و 2008/10/30 و 2008/11/13 و 2008/11/25 و 2008/12/30دەست خراوەتە سەر ئەم پێشێلکاریە و دادوەر تەنها ئیمزا دەکات ئەمەش بێ گومان گرنگی نەدانە بە پیشەی دادوەری و ریزنەگرتنە لەدەسەلاتی دادوەری کردن و مافی هاووڵاتیان!!.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## دەستخستنە سەر لەسەر پێشێلکارییەکان لەفەرمانگەکانی جێبەجێکردن:

لەماوەی ساڵی 2008دا توانرا لەڕێگەی 52 فۆرمەوە دەستبخرێتە سەر پێشێلکارییەکان کەئاماژە بەوە دەدەن کەهەندێك لەدامودەزگا حکومی و ناحکومییەکان وەڵامی بەڕێوەبەرایەتییەکانی فەرمانگەی جێبەجیکردن نادەن و ئامادە نیین بڕیاری دادگا مەدەنییەکان جێبەجێبکەن، وە وڵامی نوسراوە فەرمییەکانی بەڕێوەبەریەتییە کانی جێبەجێکردن نادەنەوە وە کەمتەرخەمی دەکەن لەو بارەیەوە، وەك ئەوەی کەیاسا پابەندی کردوون، کۆی بڕیارەکان کەدانراون بۆ جێبەجێکردن لەدادگا مەدەنییەکانی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوون، کەزۆربەی تایبەتە بە(قەرەبووکردنەوە و ئیستملاك ماندووبوونی پارێزەر، هەڵوەشاندنەوەی کوژانەوەی زەوی، گەڕانەوەی کەل و پەل، کرێی هاوشێوە، هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی بەکرێدان و راستکردنەوەی ژمارەی موڵك) حاڵەتانەش زۆر گرنگە کە دەسەڵاتی دادوەری و یەکێتی دادوەران هەڵوێستەی لەسەر بکەن و ئەو دام ودەزگایانە ناچار بکەن کە پابەندی یاساو بڕیاری دادگا بن. سەرەڕای ئەمانەش دەستخراوەتە سەر ئەوەی کە سەرجەم فەرمانگەکانی جێبەجێکردن لەهەرێمی کوردستاندا لەگەڵ ئەو ئەرکە گرنگەی کەپێیان سپێردراوە لەجێبەجێکردنی بڕیارەکان، زۆر کەمتر لەپێویست گرنگیان پێدەدرێت و بینای فەرمانگەکانیان زۆربەیان لەخانودان و کارمەندی یاساییان زۆر کەمە و هەتاکو ئێستاش هیچ بنکەیەکی پۆلیسی دادوەریی تایبەت بەخۆیان نییە، ئەمانەش هەمووی وادەخوازێت کەهەم دەسەڵاتی دادوەری و وەزارەتی دادی حکومەتی هەریمی کوردستان هەڵوێستەیان لەسەر بکەن.

## ئەو لایەنانەی لەفۆرمەکاندا ناویان هاتووە و بڕیارەکانی دادگایان جێبەجێنەکردوە بریتییە لە:-

| ز | لایەنەکان | حاڵەت |
|---|---|---|
| 1 | وەزارەتی پیشەسازی | 3 حاڵە |
| 2 | سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی | 6 حاڵە |
| 3 | کۆمپانیای دەواجنی سلێمانی | 1 حاڵە |
| 4 | دائیرەی کارەبا | 3 حاڵە |
| 5 | وەزارەتی کشتوکاڵ | 1 حاڵە |
| 6 | وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن | 1 حاڵە |



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

| | | |
|---|---|---|
| 7 | پارێزگاری سلێمانی | 1 حالەت |
| 8 | وەزارەتی شارەوانی | 3 حالەت |
| 9 | دەزگای گەشت و گوزار سلێمانی | 4 حالەت |
| 10 | سەرۆكی شارەوانی ڕاپەڕین | 3 حالەت |
| 11 | سەرۆكی شارەوانی پیرەمەگروون | 3 حالەت |
| 12 | سەرۆكی شارەوانی بەكرەجۆ | 2 حالەت |
| 13 | وەزارەتی كارو باری پێشمەرگە | 1حالەت |
| 14 | دەزگای كارەبا | 1حالەت |
| 15 | سەرۆكایەتی شارەوانی عەربەت | 1 حالەت |
| 16 | سەرۆكایەتی شارەوانی چەمچەماڵ | 1 حالەت |
| 17 | بەڕێوەبەرایەتی تۆماركردنی خانو بەرەی سلێمانی | 3حالەت |
| 18 | وەزیری داد و تێبینەرایەتی خانووبەرەی بازیان | 1 حالەت |
| 19 | وەزیری شارەوانی وبەڕێوەبەری گشتی ئاوو ئاوەڕۆ | 1حالەت |
| 20 | كۆمپانیای نۆكان بۆ بەلێندەرایەتی گشتی سنوردار. | 1 حالەت |
| 21 | سەرۆكی دەستەی باڵای ناوەندی لالش. | 1حالەت |
| 22 | وەزیری دادی هەرێمی كوردستان | 1حالەت |
| 23 | بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی | 1حالەت |
| 24 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاوو ئاوەڕۆی هەرێمی كوردستان | 1 حالەت |
| 25 | بانكی بازرگانی هەرێم لەسلێمانی | 1حالەت |

هەندێك لەژمارەی دۆسیەكانی جێبەجێكردن كە دەست خراوەتە سەر پێشێلكاریەكان تیایدا ئەمانەن(1-208/930 2-2008/548 3-2008/598 4-2008/350 5-2008/529 6-2008/537 7-2008/431 8-2008/401 9-2008/390 10-2007/5/132)



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## لێكدانەوەی هەندێك لەدەرئەنجامەكانی راپرسی

ئەم راپرسیانە لەهەردوو مانگی 11-12ی ساڵی 2008دا ئەنجامدراوە، لەهەر سێ شارەكانی هەولێر و سلێمانی و كەركوك، كە150 كەسمان وەك سامپڵی راپرسیەكەمان وەرگرتووە، بەرێژەی 50 كەس بۆ هەر شارێك، بەمەبەستی وەرگرتنی بیرو بۆچوونی ئەو هاوڵاتیانەی كەراستەوخۆ كێشەو داوایان لەناو دادگاكاندا هەیە، تاكو بزانرێت لەكوێدا هاوڵاتیان گرفتیان لەگەڵ دەسەڵاتی دادوەری و دادگاكاندا هەیە، بەمەستی خستنە روویان ودۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆیان.

بەپێی شارەكان سامپڵی جیامان لەهەموو تەمەن و ئاستی خوێندن و پیشە و باری خێزانی بەشێوەیەكی هەڕەمەكی وەرگرتووە، كەدەبنە نوێنەری ئەو كۆمەڵگایەی ئێمە راپرسیەكەمان تێدا ئەنجامداوە، ئەویش بۆ ئەوەی چەند نمونەیەكی جیاوازی تەمەنمان دەستبكەوێت.

بوونی جیاوازی رەگەزی ئەوەمان بۆ دەردەخات تاچەند یاسا بەچاوێكی یەكسانانە تەماشای هەموو هاوڵاتیان دەكات، بەبێ جیاوازی رەگەزی، هەروەها یان تا چ ئاستێك دادگا ئەو جیاوازییە درووست دەكات، كەئەمەش بۆخۆی دەبێتە هۆی ئەوەی لێكدانەوەیەكی تر بۆ دادگا لەسەر بنەمای جەندەری بكەین.

زۆرترین رێژەی سامپڵەكەمان لەوانەن كەخاوەنی ئاستێكی نزمی خوێنەوارین، ئەمەش ئەوە دەردەخات بەشێكی زۆری سامپڵەكە نەزانینی هەیە بەرامبەر بەدادگاو یاسا، هەروەها كێشەكان لەناو ئەو خەڵكانەدا زۆرن كە ئاستی خوێنەواریان نزمە، كەئەم رێژەیە لەشارێكەوە بۆ شارێكی تر جیاوازترە، بۆ نمونە رێژەی ئەو كەسانەی ئاستی خوێندنیان نزمە لەشاری هەولێر لەچاو شاری سلێمانی زیاترە، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت، كێشەكان لەو شارەدا لەئاستی پەرەسەندنی كۆمەڵایەتیدا بریتیە لەكێشە سادەكان لەچاو كێشە ئاڵۆزەكانی كۆمەڵگای هاوچەرخ، واتە لەهەندێك كێشەی تایبەتی و ئەنجامدانی خودی كەسە تێپەڕ ناكات، واتە شتێك نییە ناوی تاوانی رێكخراو بێت، ئەمەش وادەكات هەست بكەین ئەم كۆمەڵگایە لەڕووی ئاستی پەرەسەندنی كۆمەڵایەتییەوە لەئاستێكی بەرزی پەرەسەندندا نییە، هەر ئەمەشە وادەكات ئاستی هوشیاری هاوڵاتی بەرامبەر یاسا لەئاستێكی دیاریكراو یان نزمدا بێت.

دەبینین زۆرێك لەكێشەكان لەنێو دادگا مەدەنی و داگاكانی باری كەسێتیدا دێت و دەچێت، كەئەمانەش وەك كێشەی كۆمەڵایەتی وان، دەكرێت بەشێوەیەكی ئاسای چارەسەری بۆ بدۆزینەوە، كەدادگا سزاییەكان بەشێكی كەمی كێشەكانیان بەرەو روو دەبێتەوە، كەئەم كارەش وەك پێشتر وتمان پەیوەستە بەئاستی پەرەسەندی كۆمەڵایەتی ئەو كۆمەڵگایەوە، كەهێشتا پەیوەندییەكان نەگیشتوونەتە ئەو ئاستەی كێشەكانی خۆیان لەناو دادگادا چارەسەر بكەن، ئەمەش بۆ كۆمەڵێك هۆكار دەگەڕێتەوە، كەدواتر بەپێی لێكدانەوەی دەرئەنجامەكان لێكدانەوەی بۆ دەكەین.

وەك لەدەرئەنجامی ئەو پرسیارەوە دەردەكەوێت كەتاچەند هاوڵاتی متمانەی بەدادگا هەیە، تەنها 26٪ی سامپڵەكە دەڵێت متمانەی زۆرم بەدادگا هەیە، كەئەمەش رێژەیەكی زۆر كەمە بۆ دەزگایەكی واهەستیار كەهەموو كێشەكانی كۆمەڵگای لەبەردەستادایە، دیارە بنەمای سەرەكی هەر كۆمەڵگایەكی نوێ بریتییە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەرێکخستن و بوونی دەسەڵاتی یاسایی، واتە ئەوە دەسەڵاتی یاساییە متمانە بەهاوڵاتی دەبەخشێت، کەلەژیان وسامان و کەرامەتی خۆیان دڵنیا بن،

هەروەها سەبارەت بەڕاپەڕاندنی کارەکانی هاوڵاتیان لەدادگاکان، بەشێکی زۆر لەسامپڵەکە هەست دەکەن لەدادگا کارەکانیان باش ناچێتە پێشەوە، تەنها لە 32٪ سامپڵەکە پێی وایە کارەکانیان بەباشی لەدادگا بەڕێوەدەچێت، هەر ئەمەیە وایکردووە زۆرێك لەداواکان لەدادگاکاندا بۆ ماوەی زۆر دوا بکەوێت، ئەم ڕێژەیە ئەوە دەردەخات هێشتا دادگا لەو ئاستەی بەرپرسیاریتیدا نییە و دەبووایە ڕێژەکە زۆر لەوە زیاتر بووە، کەدەبێتە هۆی ئەوەی کاری هاوڵاتیان باش بەڕێوە نەچێت، کەئەمەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی متمانەی هاوڵاتیان بەدادگا.

سەبارەت بەوەی ئایا دەست لەکارو باری داگا وەردەدرێت، لە 44.7٪ پێی وایە بەڵێ دەست لەکار و باری دادگا وەردەدرێت، ئەم ڕێژەیەش ئێجگار زۆرە، کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر بەڕێوەبردنی کاروبار و سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادگاکان هەیە، لەوەش مەترسیدارتر سەبارەت بەو لایەنانەی کەدەست وەردەدەنە کاروباری دادگاکان ڕێژەی 40.3٪ دەڵێت لەلایەن بەرپرسی حیزبی و حکومی و 47.8٪ دەڵێت واستەکاری هۆکاری ئەم دەستتێوەردانەیە، کەئەم دوو ڕێژەیە بۆ خۆیان دووپاتی بوونی گەندەڵی و دەستتێوەردان لەکار و باری دادگاکان دەکەنەوە و سستەمی داوەری تووشی سستی دەکەن.

## خشتەکانی ڕاپرسی نێوان هاوڵاتیان
## لەشارەکانی سلێمانی و هەولێر و کەرکوك

**خشتەی یەکەم: تەمەن**

| 50- بۆ سەروو | 49-40 | 39-30 | 29-20 |
|---|---|---|---|
| 13 | 32 | 46 | 59 |
| ٪8.7 | ٪21.3 | ٪30.6 | ٪39.4 |

**خشتەی دووەم: ڕگەز**

| مێ | نێر |
|---|---|
| 66 | 84 |
| ٪44 | ٪56 |



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خشتەی سێهەم: باری خێزانی

| سەڵت | خێزاندار | بێوژن یان بێوەپیاو |
|---|---|---|
| 25 | 107 | 18 |
| ٪1.7 | ٪71.3 | ٪12 |

خشتەی چوارەم: ئاستی خوێندن

| نەخوێنەوار | سەرەتایی | ناوەندی | ئامادەیی | زانکۆ و پەیمانگا |
|---|---|---|---|---|
| 31 | 42 | 21 | 21 | 35 |
| ٪20.7 | ٪28 | ٪14 | ٪14 | ٪23.3 |

خشتەی پێنجەم: پیشە

| کاسب | فەرمانبەر | ژنی ماڵەوە | مامۆستا | خانەنشین |
|---|---|---|---|---|
| 51 | 44 | 40 | 13 | 2 |
| ٪34 | ٪29.3 | ٪26.7 | 8.6 | 1.4 |

خشتەیشەشەم: جۆری کێشەی هاوڵاتی

| سزایی | باری کەسێـی | مەدەنی |
|---|---|---|
| 45 | 58 | 47 |
| ٪30 | ٪38.7 | ٪31.3 |

خشتەی حەوتەم: ئایا لەدادگا کارەکانت باش بۆ رادەپەڕێت

| بەڵێ | نەخێر | تارادەیەك |
|---|---|---|
| 49 | 81 | 20 |
| ٪32.7 | ٪54 | ٪13.3 |

خشتەی هەشتەم: ئەگەر نەخێر لەبەر

| کاری رۆتین | دواخستنلا دانیشتنەکانی | دادوەرەکان بەمەزاجی خۆیان کار | مافم پێشێل |
|---|---|---|---|



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

| | دادگا | دەکەن | دەکرێت |
|---|---|---|---|
| 25 | 29 | 17 | 10 |
| ٪30.8 | ٪35.8 | ٪20.9 | ٪12.5 |

**خشتەی نۆهەم: چەندێك متمانە بەدادگا هەیە**

| زۆر | تاڕادەیەك | کەم | نیمە |
|---|---|---|---|
| 39 | 36 | 60 | 15 |
| ٪26 | ٪24 | ٪40 | ٪10 |

**خشتەی دەهەم: ئەگەر متمانەت بەدادگا نییە، لەکوێ کێشەکەت چارەسەر دەبێت**

| مەکتەبی کۆمەڵایەتی حیزبەکان | سوڵحی عەشایر | شوێنی تر |
|---|---|---|
| 8 | 37 | 30 |
| ٪10.7 | ٪49.3 | ٪40 |

**خشتەی پانزەهەم: هەڵسو کەوتی دادوەر لەگەڵت چۆن بووە**

| نەرم بوو گوێی لێگرتم | تورە بوو بواری قسەی نەدام | ئاسایی بوو | نەمدیووە لەبەرئەوەی پارێزەرم هەبووە |
|---|---|---|---|
| 45 | 33 | 63 | 9 |
| ٪30 | ٪22 | ٪42 | ٪6 |

**خشتەی دوانزەهەم: ئایا هەست دەکەیت لەدەرەوەی دادگا دەست لەکاروکانت وەردەدرێت**

| نەخێر | بەڵێ |
|---|---|
| 83 | 67 |
| ٪55.3 | ٪44.7 |

**خشتەی سیانزەهەم: ئەگەر بەڵێ: لەلایەن کوێوە**

| بەرپرسی حیزبی و حکومی | واستەکاری | فشار خستنە سەر دادگا |
|---|---|---|
| 27 | 32 | 8 |
| ٪40.3 | ٪47.8 | ٪12 |

**خشتەی چواردەهەم: پارێزەرت هەیە**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

| بەڵێ | نەخێر |
|---|---|
| 108 | 42 |
| ٪72 | ٪28 |

**خشتەی پانزەهەم: ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێیە تاچەن متمانەت پێیەتی بۆ داکۆکیکردن لەمافەکانت**

| زۆر | تائاستێك | گوێ بەکێشەکەم نادات تەنها پارەم لێدەکێشێتیەوە |
|---|---|---|
| 62 | 37 | 9 |
| ٪57.4 | ٪34.3 | ٪8.3 |

**خشتەی شانزەهەم: ئەگەر نەخێر، تاچ ئاسنێك کاریگەری لەسەر ڕەوتی کێشەکەت داناوە**

| زۆر | تاڕادەیەك | هیچ |
|---|---|---|
| 13 | 16 | 13 |
| ٪31 | ٪38 | ٪31 |

**خشتەی حەڤدەهەم: پارێزەرەکەت تاچەند گوێی لێگرتوویت**

| زۆر | تاڕادەیەك | کەم | هیچ |
|---|---|---|---|
| 45 | 44 | 14 | 5 |
| ٪41.7 | ٪40.7 | ٪13 | ٪4.6 |

## خشتەکانی ڕاپرسی نێوان تۆمەتباران لەشارەکانی سلێمانی و هەولێر

سەبارەت بەزانینی بیروڕای ئەو تۆمەتبارانەی کەدەستگیر کراون و ڕاگیراون بۆ ماوەیەکی زۆر لەبنکەکانی گرتنەوەی گواستنەوەی سلێمانی و هەولێر، توانرا لەگەڵ 100 تۆمەتباری بەندکراودا ئەم ڕاپرسییە ئەنجام بدرێت، سەبارەت بەچۆنیەتی بەڕێوەبردنی کێشەکانیان لەلایەن دادگاکانەوە، پاراستنی مافەکانیان، ئەم ڕاپرسیە لەنێوان سێ گرووپدا ئەنجام دراون، لەوانە پیاوان، ژنان و نەوجەوانان، کەلەسلێمانی لەناو پیاواندا ئەنجامدرا، بەڵام لەهەولێر لەگەڵ نەوجەوان و ژناندا ڕاپرسیەکە ئەنجام درا، هۆکاری ئەوەی ژنان



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەهەولێر وەربگرین، لەبەرئەوەی لەو کاتەدا لەبنکەی پۆلیسی گرتن و گواستنەوەی سلێمانی تەنها یەك ژنی لێبوو، هەروەها بنکەی پۆلیسی گرتن و گواستنەوەی هەولێر بەشی پیاوان ڕێگەیان نەدا ڕاپرسیەکە لەوێ ئەنجام بدرێت..

بەپێی دەرئەنجامی ڕاپرسیەکە دەردەکەوێت ئەوانەی لەبەشی ژنان ڕاگیراون، ئاستی خوێندنیان نزمە کە 63.4٪ نەخوێنەوارن، هەروەها 90٪ یان ژنی ماڵەوەن ئەمە جگە لەوەی کەتەمەنیان گەنجە، هەموو ئەمانە وادەکەن بڵێین، کەلەجیهانی نوێدا ئەوانەی دەکەونە پەراوێزی کۆمەڵگاوە، بەدوای سەلماندنی خۆیاندا دەگەڕێن، لەولاشەوە کۆمەڵگا هیچ حسابێکیان بۆ ناکات، ئەگەر حکومەت بیەوێت ئاستی تاوان یان کاری نایاسایی کەمبکاتەوە، ئەبێت بیر لەوە بکاتەوە، دەرفەتی کارکردن بۆ ئەو کەسانە بدۆزێتەوە، ئەگەرنا چۆن ئەوانەی لەبنکەکانی گرتن و گواستنەوەن 90٪یان دەبێت لەو کەسانە بن کەتەنها لەچواردەیواری ماڵدا بن و خاوەنی هیچ بنەمایەکی ئابووری و کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی خۆیان نبن.

لە80ی سامپڵەکە پارێزەری نییە، ئەمەش بەپێچەوانەی ڕاپرسی نێوان هاولاتیانەوە، کەزۆرێ: لەسامپڵەکە پارێزەری هەبووە، هۆکاری یەکەم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، زۆرێك لەو ژنانە هیچ داهاتێکیان نییە، ئەمە جگە لەنزمی ئاستی ڕۆشنبیری، کەدوو هۆکاری سەرکین بۆ ئەوەی نەتوانێت پارێزەر بۆ چارەسەرکردنی کێشە یاساییەکەی بگرێت.

یەکێك لەگرفتەکانی تۆمەتبارەکان بریتییە لەداواکاری گشتی، کەکەمترین ئامادەیی لەکێشەی هاولاتیاندا هەیە، ئەوەتا 73.3٪ سامپڵەکە دەڵێت داواکاری گشتی سەردانی نەکردوون، ئەمەش بەشێکە لەو کەمتەرخەمییەی دەبنە هۆی تۆمەتبار مافی تەواوی خۆی وەرنەگرێت و ڕووبەڕووی دادگاییەکی عادیلانە نەبێتەوە، هەروەها نەتوانرێت دۆسیەیەکی تەواو لەسەر کێشەکەی بخرێتە بەردەم دادوەر

## سامپڵی ڕاپرسی بەپێی ڕەگەزی مێینە

| ز | پرسیار | جۆر | وەڵام | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | تەمەن | 24-20 | 17 | 56.7٪ |
| | | 29-25 | 4 | 13.3٪ |
| | | 34-30 | 5 | 16.6 |
| | | 39-35 | 2 | 6.7٪ |
| | | 40 سەروتر | 2 | 6.7٪ |



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 2 | باری خێزانی | سەڵت | 8 | ٪26.7 |
| | | خێزاندار | 16 | ٪53.3 |
| | | بێوەژن | 6 | ٪20 |
| 3 | پیشە | ژنی ماڵەوە | 27 | ٪90 |
| | | فەرمانبەر | 3 | ٪10 |
| 4 | ئاستی خوێندن | نەخوێنەوار | 19 | ٪63.4 |
| | | سەرەتایی | 4 | ٪13.3 |
| | | ناوەندی | 3 | ٪10 |
| | | ئامادەیی | 1 | ٪3.3 |
| | | پەیمانگا یان زانکۆ | 3 | ٪10 |
| 6 | ماوەی راگیرانت لەبەندینخانە | مانگێك بۆ سێ مانگ | 14 | ٪46.7 |
| | | چوار بۆ شەش مانگ | 9 | ٪30 |
| | | حەوت مانگ بۆ ساڵێك | 6 | ٪20 |
| | | زیاتر لەساڵێك | 1 | ٪3.3 |
| 7 | کێشەکەت لەچ قۆناغێکدایە | قۆناغی لێکۆڵینەوە | 27 | ٪90 |
| | | قۆناغی دادگاییکردن | 3 | ٪10 |
| 8 | هۆکاری مانەوەت لەراگرتن چییە | کەمتەرخەمی لەبواری لێکۆڵینەوەدا | 2 | ٪6.7 |
| | | زۆری دواخستنی دانیشتنەکانی دادگا | 4 | 13.3 |
| | | دەستتێوەردانی دەرەکی | 12 | ٪40 |
| | | نازانم | 12 | ٪40 |
| 12 | پارێزەرت گرتووە؟ | بەڵێ | 6 | ٪20 |
| | | نەخێر | 24 | ٪80 |
| 13 | ئەگەر وەلامەکەت بەڵێیە تاچەند متمانەت بەپارێزەرەکەت هەیە بۆ ئەوەی بەرگری لەکێشەکەت بکات | زۆر | 1 | ٪16.7 |
| | | تارادەیەك | 5 | ٪83.3 |
| | | گوێ بەکێشەکەم نادات تەنها پارەم لێدەکێشێتەوە | 0 | ٪0 |
| 14 | ئەگەر وەلامەکەت نەخێرە نەبوونی پارێزەر کاریگەری | بەڵێ | 9 | ٪37.5 |
| | | نەخێر | 15 | ٪62.5 |



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | لەسەر کێشەکەت داناوە | | | |
| 15 | ئایا داواکاری گشتی سەردانی کردوون | بەڵێ | 8 | ٪26.7 |
| | | نەخێر | 22 | ٪73.3 |
| 16 | ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێیە گوێی لەکێشەکانتان گرتووە | بەڵێ | 3 | ٪37.5 |
| | | نەخێر | 5 | ٪62.5 |

## سامپڵی راپرسی بەپێی رەگەزی نێرینە

یەکێك لەگرفتە هەر زەقەکانی ئەم سامپڵەش مەسەلەی نەخوێنەوارییە، ئەمە جگە لەوەی 60٪ی کاری کاسپی دەکات، کەزۆرێك لەکاسپیەکان لەبێکارییەوە نزیکە، هەروەها لە78٪ی سامپڵەکە ئاستی خوێندنیان لەنێوان نەخوێنەوار و سەرەتاییدایە، ئەمەش هۆکاری سەرکییە بۆ لادانی یاسایی، بەڵام ئەوەی لەسامپڵی پیاواندا بەرچاو دەکەوێت زۆری مانەوەیانە لەبنکەی راگرتن و گواستنەوەدا، کە20٪یان ماوەی زیاتر لەساڵێك بۆ سێ ساڵ لەو شوێنەدا ماونەتەوە و دادگایی نەکراون، تاکو حوکمی خۆیان وەربگرن، ئەمەش هەم کار لەباری دەروونی تۆمەتبار دەکات، هەم کار لەسەر متمانەی دادگا دەکات لای ئەوانەی کێشەیان هەیە، بەتایبەتی ئەو لایەنانەی تاوانیان بەرامبەر کراوە، یان خاوەنی داوان.

هەروەها مەسەلەی ئەشکەنجە و بەکارهێنانی ئەشکەنجە، یەکێکە لەکێشەکانی تر، کەکەمترین کەس لای دادوەر باس لەوە دەکەن ئەشکەنجەیان بەرامبەر بەکارهاتووە، ئەویش لەبەرئەوەی ئەوانەی تووشی ئەم حاڵەتە دەبنەوە و بەدادوەر دەڵێن هیچ دەرئەنجامێکی نابێت، لەبەرئەوەی دادوەر هیچ لێپێچینەوەیەك ناکات و لێپرسینەوە لەو کەسانە ناکات، کەئەم کارە دەکەن

هەمان کێشەی داواکاری گشتی لێرەشدا دووبارە دەبێتەوە، کە 82٪ دەڵێت داواکاری گشتی سەردانی نەکردووین و ئاگاداری کێشەکەمان نییە، دەکرێت لێرەدا بڵێین دەبێت داواکاری گشتی رۆڵی لەچارەسەری کێشەکاندا چییە، هەروەها لەبەرچی تاکو ئێستا هاوڵاتی نەزانێت ئەرکی داواکاری گشتی چییە، ئەمەش وادەکات جۆرێك لەبەدحاڵیبوون لەنێوان هاوڵاتی و دادگادا درووست بێت و کێشەکان تێکەڵاو بن، ئەم دەرئەنجامە دەمانخاتە بەردەم ئەو پرسیارەی ئایا دەکرێت داواکاری گشتی کارا بکرێت و هۆکارەکانی کارابوونی بۆ دابین بکرێت؟.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

| ژ | پرسیار | جۆر | وەڵام | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | تەمەن | 24-20 | 13 | ٪26 |
| | | 29-25 | 12 | ٪24 |
| | | 34-30 | 9 | ٪18 |
| | | 39-35 | 4 | ٪8 |
| | | 40 سەروتر | 12 | ٪24 |
| 2 | باری خێزانی | سەڵت | 17 | ٪34 |
| | | خێزاندار | 31 | ٪62 |
| | | بێوەپیاو | 2 | ٪4 |
| 3 | پیشە | کاسب | 30 | ٪60 |
| | | فەرمانبەر | 2 | ٪4 |
| | | پۆلیس یان سەربازیی | 16 | ٪32 |
| | | خانەنشین | 2 | ٪4 |
| 4 | ئاستی خوێند | نەخوێنەوار | 25 | ٪50 |
| | | سەرەتایی | 14 | ٪28 |
| | | ناوەندی | 9 | ٪18 |
| | | ئامادەیی | 1 | ٪2 |
| | | پەیمانگا یان زانکۆ | 1 | ٪2 |
| 6 | ماوەی راگیرانت لەبەندیینخانە | مانگێك بۆ یێ مانگ | 25 | ٪50 |
| | | چوار بۆ شەش مانگ | 14 | ٪28 |
| | | حەوت مانگ بۆ ساڵێك | 9 | ٪18 |
| | | ساڵێك بۆ دوو ساڵ | 1 | ٪2 |
| | | دوو ساڵ زیاتر | 1 | ٪2 |
| 7 | کێشەکەت لەچ قۆناغێکدایە | قۆناغی لێکۆڵینەوە | 21 | ٪42 |
| | | قۆناغی دادگاییکردن | 29 | ٪48 |



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 8 | هۆکاری مانەوەت لەراگرتن چییە | کەمتەرخەمی لەبواری لێکۆڵینەوەدا | 11 | ٪22 |
| | | زۆری دواخستنی دانیشتنەکانی دادگا | 18 | ٪36 |
| | | دەستتێوەردانی دەرەکی | 10 | ٪20 |
| | | نازانم | 11 | ٪22 |
| 12 | ئەگەر بەرەو رووی ئەشکەنجە بوویتەوە ئایا بەدادوەرت وتووە | بەڵێ | 8 | ٪16 |
| | | نەخێر | 42 | ٪84 |
| 13 | ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێیە ئایا دادوەر هیچ رێو شوێنێکی یاسایی گرتووەتە بەر | بەڵێ | 1 | ٪12.5 |
| | | نەخێر | 7 | ٪87.5 |
| 14 | پارێزەرت هەیە | بەڵێ | 21 | ٪42 |
| | | نەخێر | 29 | ٪58 |
| 13 | ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێیە تاچەند متمانەت بەپارێزەرەکەت هەیە بۆ ئەوەی بەرگری لەکێشەکەت بکات | زۆر | 4 | ٪19 |
| | | تارادەیەك | 15 | ٪71.5 |
| | | گوێ بەکێشەکەم نادات تەنها پارە لێدەکێشێتەوە | 2 | ٪9.5 |
| 14 | ئەگەر وەڵامەکەت نەخێرە نەبوونی پارێزەر کاریگەری لەسەر کێشەکەت داناوە | بەڵێ | 23 | ٪79.3 |
| | | نەخێر | 6 | ٪20.7 |
| 15 | ئایا داواکاری گشتی سەردانی کردووون | بەڵێ | 9 | ٪18 |
| | | نەخێر | 41 | ٪82 |
| 16 | ئەگەر وەڵاکەمەت بەڵێیە گوێی لەکێشەکانتان گرتووە | بەڵێ | 4 | ٪44.4 |
| | | نەخێر | 5 | ٪55.6 |



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## سامپڵی راپرسی لەنێو تۆمەتبارە نەوجەوانەکاندا

یەکێك لەگرفتەکانی ئەم توێژە ئەوەیە هێشتا لێکدانەوە بۆ زۆر شت ناکات، لەبەرئەوە دەکرێت ئەمانە مامەڵەیەکی تایبەتیان لەگەڵ بکرێت و شوێن و جۆری چارەسەری کێشەکانیان جیاوازتر بێت، بەڵام مەسەلەکان پێچەوانەی ئەمەیە، کەنەوجەوان دەبێت زۆر بەووردی ئاگامان لەلایەنی دەروونی و جەستەییان بێت، بەڵام ئەوەتا دەرئەنجامەکان پێچەوانەی ئەم حاڵەتەن، 50٪ی نەوجەوانان بەبەو رووی ئەشکەنجە بوونەتەوە، کەئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی نەوجەوان هەست بکات لەهەموو لایەکەوە زوڵمی لێدەکرێت، ئایا دەکرێت لەنو دەزگایەکی واهەستیاردا نەوجەوان بەرەو رووی ئەشکەنجە ببێتەوە، لەسەر هەندێ: لادانی کۆمەڵایەتی کەدەکرێت بەشێوە زانستیەکە چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە داواکاری گشتی رۆڵی بەرچاوی بینیەوە لەوەی سەردانی نەوجەوانانی کردووە و لەکیشەکانیان کۆڵیوەتەوە، ئەمەش نیشانەیەك یان ئاماژەیەکی پۆزەتیڤە بۆ ئەو رۆڵەی داواکاری گشتی بینیوویەتی، بەڵام ئەبێت ئەو پرسیارە بکەین ئایا ئەم رۆڵە هەوڵی تاکەکەسییە یان بەپێی یاسا ئەم کارەی بۆ دیاری کراوە، ئەگەر یاسا ئەم رێ و شوێنەی بۆ داناوە، لەبەرچی هەمان رۆڵی لەو دوو سامپڵەی تردا نەبینییەوە، ئەگەر هەوڵی تاکە کەسییە بۆ ئەم کارە نەکرێتە بنەما و کاری جدی لەسەر بکرێت؟

| ژ | پرسیار | دیاریکراوەکان | وەڵام | رێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | باری خێزانی | سەڵت | 19 | ٪95 |
| | | خێزاندار | 1 | ٪5 |
| 3 | پیشە | کاسب | 14 | ٪70 |
| | | خوێندکار | 4 | ٪20 |
| | | بێکار | 2 | ٪10 |
| 4 | ئاستی خوێندن | نەخوێنەوار | 11 | ٪55 |
| | | سەرەتایی | 7 | ٪35 |
| | | ناوەندی | 2 | ٪10 |
| 6 | ماوەی راگرتنت لەگرتووخانە | مانگێك بۆ سێ مانگ | 11 | ٪55 |
| | | چوار مانگ بۆ شەش مانگ | 7 | ٪35 |
| | | زیاتر لەحەوت مانگ | 2 | ٪10 |
| 7 | ئێستا کێشەکەت لەچ قۆناغێکدایە | قۆناغی لێکۆڵینەوە | 8 | ٪40 |
| | | قۆناغی دادگایی | 12 | ٪60 |



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 8 | هۆکاری مانەوەت لەراگرتن بۆ چی دەگەڕێتەوە | کەمتەرخەمی لەلێکۆڵینەوەدا | 0 | ٪0 |
| | | زۆری دواخستنی دانیشتنەکانی دادگا | 1 | ٪5 |
| | | دەستێوەردانی دەرەکی | 0 | ٪0 |
| | | نازانم | 19 | ٪95 |
| 9 | ئەشکەنجە دراویت | بەڵێ | 10 | ٪50 |
| | | نەخێر | 10 | ٪50 |
| 10 | ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێیە چ جۆرە ئەشکەنجەیەك دراوی | جەستەیی | 8 | ٪80 |
| | | دەروونی | 2 | ٪20 |
| 11 | ئەگەر ئەشکەنجە دراویت دادوەرت لێئاگادار کردووەتەوە | بەڵێ | 2 | ٪20 |
| | | نەخێر | 8 | ٪80 |
| 12 | ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێیە دادوەر ڕێوشوێنی یاسایی گرتووەتە بەر | بەڵێ | 0 | |
| | | نەخێر | 2 | ٪100 |
| 13 | پارێزەرت هەیە | بەڵێ | 5 | ٪25 |
| | | نەخێر | 15 | ٪75 |
| 14 | ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێیە تاچەند متمانەت بەپارێزەرەکەت هەیە | زۆر | 4 | ٪80 |
| | | تائاستێك | 1 | ٪20 |
| | | گوێ بەکێشەکەم نادات تەنها پارەم لێدەکێشێتەوە | 0 | ٪0 |
| 15 | ئەگەر وەڵامەکەت نەخێر ئایا کاریگەری سلبی کردووتە سەر کێشەکەت | بەڵێ | 13 | ٪86.7 |
| | | نەخێر | 2 | ٪13.3 |
| 16 | ئایا داواکاری گشتی سەردانی کردوون | بەڵێ | 17 | ٪85 |
| | | نەخێر | 3 | ٪15 |
| 17 | ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێیە ئایا گوێی لەکێشەکانتان گرتووە | بەڵێ | 17 | ٪100 |
| | | نەخێر | 0 | ٪00 |



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com